# دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین و بەرکەوتووانی مین لە پارێزگای سلێمانی

م. ی. کاظم احمد صدرالدین
Kazim.cebari@gmail.com
وەزارەتی پەروەردە- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

م. ی. سنور علی محمود
Snoor.ali@garmian.edu.krd
زانکۆی گەرمیان- کۆلێجی پەروەردە- بەشی جوگرافیا

پ. د. جزا توفیق طالب
jaza.talib@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی جوگرافیا

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: 2025/4/1
ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:2025/11/9

**پوختە**
دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین و بەرکەوتووانی مین لە پارێزگای سلێمانی
ئامانج لە توێژینەوەکە دەرخستنی دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مینە لە ناوچەی توێژینەوە و شیکردنەوەی دیمۆگرافی بەرکەوتووانی مین و دابەشبوونییەتی بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەش سوود لە هەریەك لە میتۆدەکانی (هەرێمی و وەسفی و شیکاری) وەرگیراوە. هەروەها توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەش دەکات دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لەهەموو یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوە و وەکو یەك نییە و جیاوازە. و زۆری و کەمی کێڵگەکانی (مین)یش پەیوەندی بە ژمارە و ڕێژەی بەرکەوتووانی مینەوە هەیە. هەروەك بەرکەوتووانی مین بەسەر ڕەگەز و پیشەی جیاوازدا دابەشبوون. هەرچی پلانی توێژینەوەکەیە ئەوا لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: باسی یەکەم: چەمك و زاراوەکان، باسی دووەم. ناساندنی ناوچەی توێژینەوە. بەشی دووەم: باسی یەکەم: یەکەم: مێژووی مین و جۆرەکانی مین و ڕێکخراو ودەزگاکانی مین لە ناوچەی توێژینەوە. باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە. بەشی سێیەم: باسی یەکەم: بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە. باسی دووەم: شیکردنەوەیەك بۆ بەرکەوتووانی مین و دیمۆگرافیای بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە.
هاوکات توێژینەوەکە بەم دەرەنجامانەی لای خوارەوەگەیشتووە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، زۆرترین کێڵگەکانی مین دەکەوێتە پارێزگای سلێمانییەوە بەخۆیی و ئیدارە سەربەخۆکانییەوە. بە ڕێژەی (64%) کۆی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت. لەسەر ئاستی قەزاکانی ناوچەی توێژینەوە زۆرترین ڕێژەی کێڵگەی مین دەکەوێتە قەزای (پێنجوێن)ەوە. بە ڕێژەی (34%). هەرچی ژمارەی بەرکەوتووانی مینە لە پارێزگاکە جگەلە ئیدارە سەربەخۆکانی ( ڕانیە، گەرمیان) خۆیدەدات لە (5265) بەرکەوتوو، هەروەها شەهیدانی مین ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە کە دەکاتە (84%)، لەچاو ڕێژەی کەم ئەندامان کەدەکاتە (16%). زۆرترین بەرکەوتووش بەهەردوو ڕەگەزەوە دەکەوێتە قەزای پێنجوێن.
لە دابەشبوونی پێکهاتەی ڕەگەزیدا ڕێژەی بەرکەوتووی ڕەگەزی نێر زۆرترە لە ڕەگەزی مێ بە ڕێژەکانی (91%) بۆ نێر و (9%) بۆ مێ لە کۆی ڕێژەی ناوچەی توێژینەوە. هەروەك لە توێژینەوەکەدا (5) نەخشە، (9) خشتە، (5)شێوە بەکارهاتووە و بە دەرەنجام و ڕاسپاردە کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

**کلیلە وشە:** مین، کێڵگەکانی مین، بەرکەوتووانی مین، پارێزگای سلێمانی

**پێشەکی**

بەهۆی ئەو شەڕ و ئاڵۆزیانەی لەڕابردوودا و هەر لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕبردووەوە لەنێوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد و ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراقدا ڕوویدا زۆرێك لە خاکی هەرێمی کوردستان و بەشێك لە ناوچەی توێژینەوە بەمین پیسبوون، هاوکات شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران بە هۆکارێکی تری پیسبوونی ناوچەی توێژینەوە بە مین دادەنرێت بەتایبەت ناوچە سنورییەکانی نێوان عێراق و ئێران، هەر لەو کاتەوە قەزای پێنجوێن وەك ناوچەیەکی مەترسیدار بە مین هەژمار دەکرێت و هەم لەڕووی دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مینەوە هەم لە ڕووی بەرکەوتوانی مینەوە ئاستێکی بەرزی تۆمار کردووە و لە پێشەوەی شوێنەکانی تری ناوچەی توێژینەوەدا ناودەبرێت.

**چوارچێوەی توێژینەوە**

**بواری توێژینەوە:**

1. بواری جوگرافی: مەبەست لە بواری جوگرافی شوێن و سنووری ناوچەی توێژینەوەکەیە کە پارێزگای سلێمانییە بە یەکە کارگێڕییەکانییەوە، جگەلە ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕین.

**2**. بواری مرۆیی: توێژینەوەکە ئەو قوربانیانە دەگرێتەوە کە بەهۆی مین و تەقەمەنییەوە بەرکەوتوون و شەهید و بریندارببوون یان کەم ئەندام بوون

**3**. بواری کاتی: مەبەست لەبواری کاتی ماوەی نێوان ساڵانی (1960 بۆ 2024).

**گرنگی توێژینەوە:**

1. گرتنەبەری ڕێگەی ڕێگەی ئاماری وەك خشتە و نەخشە و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان دەربارەی دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین و بەرکەوتوانی مین لە ناوچەی توێژینەوە.

2. تیشك خستنەسەر کاریگەرییەکانی مین لە ناویاندا ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرکەوتووان و قوربانیانی مین لە ناوچەی توێژینەوە.

3. گرنگیدان بە دیمۆگرافیای قوربانیانی مین لە ناوچەی توێژینەوە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

1. دەرخستنی دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لە ناوچەی توێژینەوە.

2. شیکردنەوەی دیمۆگرافی بەرکەوتووانی مین. دابەشبوونی بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوە.

**گرفتی توێژینەوە:**

1. کەمی ژمارە و داتای نوێ لەسەر کێڵگەکانی مین و لایەنە جیاوازەکانی قوربانیان لە ناوچەی توێژینەوە.

2. فراوانی ناوچەی توێژینەوە بوونی مەترسی لە کاتی لێکۆڵینەوەی مەیدانی .

**کێشەی توێژینەوە:**

1. ئایا کێڵگەکانی مین بوونەتە مەترسین لەسەر دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە؟

2. ئایا دابەشبوونی کێڵگەکانی مین لەناوچەی توێژینەوە، پەیوەندی بە بەرکەوتووانی مینەوە هەیە؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

1. دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لەهەموو یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوە و وەکو یەك نییە و جیاوازە.

2. زۆری و کەمی کێڵگەکانی مین لەناوچەی توێژینەوە، پەیوەندی بە ژمارە و ڕێژەی بەرکەوتووانی مینەوە هەیە.

3. بەرکەوتووانی مین بەسەر ڕەگەز و پیشەی جیاوازدا دابەشبوون.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لە توێژینەوەکەدا سوود لەم میتۆدانە وەرگیراوە: میتۆدی هەرێمی: ناوچەکە وەك هەرێمێکی دیاریکراو وەرگیراوە بە یەکە کارگێڕییەکانییەوە، میتۆدی وەسفی: بۆ وەسفکردنی لایەنە تیۆرییەکانی ناو توێژینەوەکە. میتۆدی شیکاری: بۆ شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە بەکارهاتووە.

**پلانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: باسی یەکەم: چەمك و زاراوەکان، باسی دووەم. ناساندنی ناوچەی توێژینەوە. بەشی دووەم: باسی یەکەم: یەکەم: مێژووی مین لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە، دووەم: ڕێکخراو ودەزگاکانی مین لەناوچەی توێژینەوە. سێیەم جۆرەکانی مین. باسی دووەم: یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لە هەرێمی کوردستان. دووەم: دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لە ناوچەی توێژینەوە. بەشی سێیەم: باسی یەکەم: یەکەم: بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە. دووەم: دابەشبوونی بەرکەوتوانی مین لەسەر ئاستی یەکەکارگێڕییەکان(قەزا)کانی ناوچەی توێژینەوە. باسی دووەم: شیکردنەوەیەك بۆ بەرکەوتووانی مین و دیمۆگرافیای بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە. یەکەم: دابەشبوونی پێکهاتەی ڕەگەزی لە ناوچەی توێژینەوە. دووەم: دابەشبوونی پێکهاتەی پیشەیی و ئابووری

بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە. سێیەم: کاریگەرییەکانی مین. پاشان بە دەرەنجام و ڕاسپاردە کۆتاییی بە توێژینەوەکە هاتووە.

**بەشی یەکەم:**

**باسی یەکەم: چەمك و زاراوەکان**

**1. مین:** مین لەرووی زاراوەوە لە وشەی (الألغام)ی عەرەبیەوە وەرگیراوە، کە هاومانایە بەرامبەر وشەی فەرەنسی (Mine)، گوزارشتە لەو دەفرانەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر کانزاکان هەڵکەندراون لەسەر زەوی و ژێر زەویدا دەشاردرێنەوە. مین لە قامووسی فەرەنسی (Larousse) پێناسە دەکرێت بەوەی کە بارگەیەکی تەقینەوەیە جا لەسەر زەوی بێت یان ژێر زەوی یاخود لەناو ئاودا دادەنرێت و بەشێوەیەك دیزاین کراوە بۆ ئەوەی بتەقێتەوە کاتێک کەسێک بەسەریدا تێدەپەڕێت و بەرکەوتنی لەگەڵدا دەبێت و دەتەقێتەوە. (وقاص، ناصر، 2018، ص16).

لە تایبەتمەندییەکانی مین ئەوەیە کە مینی چێندراو بۆ ڕووداوی دەستبەجێ دروست ناکرێ، بەڵکو لە حاڵەتی چاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە تا بە قوربانییەکەدا دەتەقێتەوە. هۆکاری بەکارهێنانی بەربڵاوی مین، ئەوەیە کە هەرزانن و دەستکەوتنیان ئاسانە و چاندنیان قورس نییە و لە کاتێکدا لابردنیان قورس و خاو و مەترسیدار و گرانە. لە هەندێک وڵاتدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی کێڵگەکان و دەوروبەری سەربازگە و سنوورەکان و هەندێکجار نەخۆشخانە و قوتابخانەکاندا مینڕێژ دەکرێن و لە کاتی تەقینەوەدا جێکەوتی مەترسیدار لەسەر مرۆڤ بەجێدەهێڵێت و کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێت. (الیاسري، فلاح حسن. د. محمد فرحان، 2024، ص586)

هەروەها مین بریتییە لە سندوقێک یان دەفرێک کە پڕکراوە لە مادەیەکی تەقەمەنی، پاشان بە شاردنەوە لە زەویدا دادەنرێت و هەر کاتێك قورساییەکی بکەوێتەسەر جا چ بارستاییەکی قورس بێت یاخود ئاژەڵ وەیان کاتێك مرۆڤ هەنگاوی بۆ دەنێت یان ڕاستەوخۆ دەستی لێدەدات و دەتەقێتەوە. سندوقەکە یاخود دەفرەکە لە دوو بەش پێکدێت

یەکەم: سندوقی تەقینەوە، کە لە کانزا یان شوشە یاخود کارتۆن دروستکراوە. شوێنی دیاریکراوی بۆ تەقەمەنی هەیە.

دووەم: باروت، تەقینەوەکەی پێ ئەنجام دەدرێت. (رمیتة، حنان، 2021، ص470) .

مەزەندە دەکرێت زیاتر لە (100) ملیۆن مین لە سەرانسەری جیهاندا هەبێت و نزیکەی (3000) کم2 زەوی بە مین داپۆشرابێت یان مین ڕێژکرابێت.(H. Kasban, Sayed M. Elaraby etd, 2010, p:2) . هەروەك نەتەوە یەکگرتووەکان خەمڵاندنی بۆ ژمارەی مینە دژە کەسییەکان کردوە لە وڵاتانی جۆراوجۆر، بۆ نموونە لە ئەفغانستان (10000000) مین لە زەوییەکەیدا هەیە. (لەوانەیە پیسترین وڵاتی جیهان بێت بە مین) ڕووبەری کێڵگەکانی مین لەو وڵاتە نزیکەی (550) کیلۆمەتر چوارگۆشە دەگرێتەوە کە تا ساڵی (1998) کۆی (180) کیلۆمەتر چوارگۆشە لەلایەن ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانەوە پاککراونەتەوە.(Tim Cheatle, 1998, p: 606) هەروەها قوربانیەکانی مین لە سەرانسەری جیهاندا بە زیاتر لە (یەک)ملیۆن قوربانی ڕاستەوخۆی مین دەخەمڵێنرێت. زۆرینەی قوربانییەکان خەڵکی مەدەنی بێتاوانن کە کوژراون یان کەم ئەندام بوون. ئەمڕۆ زیاتر لە (80) وڵات بەهۆی بەرهەمهێنانی مینەوە زیانیان گەیاندووە. بە نزیکەی (35) وڵات کە وڵاتەکانیان بە مین پیسبووە، زۆربەیان لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوون. ئەگەرچی هیچ ئامارێکی ورد لەسەر کۆی ژمارەی مینەکانی سەر زەوی بە دروستی لە بەردەستدا نییە ئەوەی هەیە خەمڵاندنە، بەڵام ژمارەکە کەمتر گرنگە لە بەرکەوتە و قوربانیەکان. مینەکان هەرزان دەست دەکەوێت و نرخی هەریەکەیان (3) دۆلارە بەڵام دەرەنجامێکی وێرانکەر بەسەر کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکاندا دەسەپێنێت (Andersson et al., 1995).

**2. چەك و تەقەمەنی:** مەبەست لە چەك و تەقەمەنی، پارچەی هەموو ئەو چەك و تەقەمەنیانەن کە لە پاشماوەی ڕووبەڕووبونەوە و جەنگەکاندا بەجێماون و بوونەتەهۆی پیسبوونی ڕووبەرێکی دیاری کراو لە زەوی ناوچەکانی جەنگ دەبنە مایەیی مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤ. چەك و تەقەمنی پاشماوەکانی جەنگیش بریتین لە: (گولە تۆپ، گولە قازیفە، ڕۆکێت، ناپاڵم، هاوەن، گولەی چەکی سوك، گولەی چەکی قورس، پارچەی تەقەمەنی و...هتد). بەشێك لەم تەقەمەنیانە نەتەقیونەتەوە و بە دەسکاریکردنیان لەلایەن مرۆڤ و بەریەکەوتنیان ئەگەری مەترسی لەسەر ژیان دروست دەکات و قوربانی لێدەکەوێتەوە. (رفیق، سیامەند کاکەوڵا، چاوپێکەوتن، 2024/10/8). هەندێکجار پاشماوەی جەنگ و چەك و تەقەمەنی و کەرەستەی نەتەقیوی دوای جەنگیشی پێدەوترێت، هەموو کەستە نەتەقیوەکانی پاشماوەی جەنگەکان دەگرێتەوە، کە بە نەتەقیوی ماونەتەوە و بەمەش هەرەشە و مەترسین لەسەر ژیانی مرۆڤ و گیانلەبەران، لەکاتی تەقینەوەیاندا بە هەر هۆکارێك بێت کارەساتی گەورەی لیدەکەوێتەوە. ئاستی مەترسیداری ئەم چەکانە زۆر زیاترە لە مینەکان چونکە مینەکان کەمترین مادەی تەقینەوە لەخۆ دەگر بە بەراورد بە چەك و تەقەمەنییەکان. دەورەترین مین کە مینی دژە تانکە (9)کگم مادەی تەقەمەنی لەخۆ دەگرێت و قەبارەی زیانەکانی ڕووبەرێکی کەمتر دەگەرێتەوە لەبەرامبەردا بۆمبێك (100-400)کگم مادەی تەقەمەنی تێدایە و مەودای زیامکانی ڕووبەرێکی زیاتر دەگرێتەوە، ئەمە جگەلەوەی بەشێك لە بۆمب و تەقەمەنییەکان مادەی ژەهراوی وەك (فۆسفۆڕ و مادەیی کیمیایی و مادەی سوتێنەر) لە پێکهاتەکەیاندا هەیە. (دەزگای گشتی کاروباری مین، 2015،

ل7). جۆر و کێش و قەبارەی چەك و تەقەمەنیەکان و مەودای مەترسیەکانیان جیاوازە، بەزۆری پێکهاتەی دەرەوەیان کانزایە و پێکهاتەی ناوەیان بە بڕی جیاواز مادەی تەقینەوەیان تێدایە و پەستانیان لە کاتی تەقینەوەدا دیارینەکراوە. ئەگەرچی ئامانجەکانیان دیاری نەکراوە، بەڵام هەڕەشە و مەترسی و زەرەرو زیانەکانیان بۆ هەموو لایەکە. (Cheolha Pedro Lee, 1998, p4).

**3. کەم ئەندام:** کەم ئەندامی بریتیە لە کەم و کوڕی لە جەستە یاخود لەدەستدانی یەکێك لە ئەندامەکانی جەستە، چ بەشێوەی زیگماکی(هەر لە لەدایکبوون)ەوە، یان لە ئەنجامی بەرکەوتنی ڕووداوێکی نەخوازراو، یاخود تووشبوون بە نەخۆشی. ڕەنگە لە زۆر بارودۆخدا کەم ئەندامی کاریگەری لەسەر بەشێك لە ژیان یاخود تەواوی ژیانی کەسی کەم ئەندام هەبێت چ لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی و ئابورییەوە. (الوهادين، دانة، 24 أغسطس2022، الوقع: موضوع). هەندێك لە توێژەران کەم ئەندامی فراوانتر پێناسەدەکەن و دەیناسێنن بەوەی بەشێك لە مرۆڤەکان هەر بە سروشت کە لە دایك دەبن، جۆرە جیاوازەکانی کەمئەندامیان تێدا دەردەکەوێت، بەبێ ئەوەی تووشی ڕووداو و بەرکەوتن ببن وەك کەم ئەندامی (دەروونی، جەستەیی(ئیفلیجی) یان هەستیاری)، ئەم کەسانە هەندێك جار پێیان دەوترێت کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەوەی کە پێویستیان بە شێوازێکی تایبەت هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن و تا دەتوانن لەگەڵ سەختیەکانی ژیاندا بگونجێن. زۆرجار لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەبری چەمکی کەم ئەندامی چەمکی خاوەن پێداویستی تایبەت بەکاردەهێنرێت. هەرچی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتە پسپۆڕانی دەروونی و پەروەردەی تایبەت دابەشیان کردووە بەسەر چەند پۆلێکدا بۆ دیاریکردنی کێشەکانیان لە ئەندامەکانی جەستەیان لە نێوانیاندا: "کێشەی فێربوون"، ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەدەست ئەم جۆرە لە کەمئەندامییەوە دەناڵێنن و بەمەش دوادەکەون لە کارامەییەکانی پەروەردە و فێربوونی وەک خوێندنەوە و نووسین، بەکارهێنان و بێژەکردنی زمان، یان تێگەیشتنی خراپ و بێتوانایی لە ئەنجامدان کرداری بیرکاری سادە. "کێشەی بینین" ئەوانەن کە دۆخی لاوازی بینینیان زۆر توندە یاخود لەدەستدانی تەواوی هەستی بینینیان هەیە. "کێشەی بیستن" ئەو کەسانەن کە توانای بیستنیان کەمە یاخود نابیستن. ئەمەش دەبێتەهۆی نەتوانینی بیستنی دەنگەکانی دەوروبەریان تەنانەت بە هێدفۆن و ئامرازە پزیشکییە جۆراوجۆرەکانیش ناچار بەرنامەی تایبەتی پەروەردەیییان بۆ دادەنرێت لەسەر بنەمای زمانی ئاماژە(ئیشارەت). "کێشەی جەستەیی"، کە ڕەنگە کەسێک هەر لە لەدایکبوونەوە کێشەی جەستەی هەبێت لە ئەنجامی تووشبوونی بە نەخۆشییەکی وەک ئیفلیجی منداڵان، یاخود لەدەستدانی ئەندامێک، یان بەهۆی بەرکەوتنی ڕووداوێک، و بەو هۆیەوە ئەم کەسانە جووڵە و چالاکییان سنووردارە، توانای کارکردن و ئەنجامدانی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژانەیان کەمە یاخود نییە. (الجمل، غادة أسماعيل محمد، 2023، ص759). هەروەها کەم ئەندامی جەستەیی هۆکارێکە بۆ سنووردارکردنی تواناکانی کەسێك بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە ئاساییەکانی ڕۆژانە وەکو پێویست تێکەڵ نەبوون لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا. (Bonner, M, 2023, 4). ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا زۆرتر چەمکێکی ڕێزلێگیراوی وەك خاوەن پێداویستی تایبەت لەبری چەمکی کەم ئەندامی بەکاردەبرێت. بەڵام چەمکی کەم ئەندامی و چەمکی خاوەن پێداویستی تایبەتە، لەبنەڕەتدا هەردووکیان ئاماژەن بۆ ئەو کەسانەی کێشەیان هەیە، جا چ کێشەکە جەستەیی بێت یاخود عەقڵی. هەروەها توانای چالاکییان سنووردارە زۆرجار پێویستیان بە هاوکاری و چاودێری هەیە لەلایەن کەسانی ترەوە.

**4. بەرکەوتووانی مین:** هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەرکەتووی مینن، و مین پێیاندا تەقیوەتەوە، جا بووبێتەهۆی گیانلەدەستدان یاخود کەم ئەندام بوون و پەڕاندن و لێکردنەوەی بەشێك لە جەستەیان. (حسن، نەوزاد علی، چاوپێکەوتن، 2024/9/31). زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە تەقینەوەی مینەکاندا بەرکەوتوون و ڕزگاریان بووە، باوترینیان برینداری لەدەستدانی قاچ و دەست و قۆڵ و پەنجەکان، لەدەستادانی چاو و برینی جەستەیان هەبووە. بەهۆی پریشکی پارچەکانی تەقینەوەی مینەکانەوە. (Jacqueline MacDonald, J.R. Lockwood, 2003, p:90) ، هەربۆیە مین بەربەستێکی سەرەکیە لەبەردەم گەشەی کۆمەڵگا و گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی پاش گەیشتن بە ئاگربەست و کۆتایی جەنگەکان. هەربۆیە ترس لە مردن و بەرکەوتن هەر بە کۆتایی جەنگ و وێرانکاری ناوەستێت، بەڵکو مین و تەقەمەنی دەستکرد بەردەوام هەڕەشەن بۆ گیانی مرۆڤ، کێشەی ئەم جۆرە چەکانە ئەوەیە کات و ساتی بۆ نییە و دوژمنێکی ونی ئامادەیە و بۆ ماوەی چەند ساڵێک یان دەیان ساڵ بە چالاکی دەمێنێتەوە و کوێرانە لەکاتی بەرکەوتندا دەتەقنەوە هەڕەشە لە ژیانی خەڵکی بێتاوان دەکەن. ئامارەکان ئەوە نیشان دەدەن کە (80٪)ی بەرکەوتووەکان بە مین ئەو منداڵانەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە جەنگ و هۆکارەکانیەوە نییە. (Mahdi Khodor, 2021 ,10) . مەبەست لە بەرکەوتووانی مین ئەو کەسانەن کە مین پێیاندا تەقیوەتەوە و جا بە بنین و زانین بێت وەك دەستکاریکردن یاخود نەبینین و نەزانین وەك پێ پیانان. لە ئەنجامدا مردن و کەم ئەندامی لێدەکەوێتەوە.

**باسی دووەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:**

ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکوری خۆرهەڵاتی عیراق. نەخشەی (1). لە خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵاتییەوە کۆماری ئیسلامی ئێرانە. سەبارەت بە سنوورە کارگێڕییەکەی لە باشور و باشوری خۆرهەڵات

هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە لە باکوری خۆرئاوا سنووری لەگەڵ ئیدارەی ڕاپەڕیندا هەیە و پارێزگای کەرکوک دەکەوێتە خۆرئاوا و باشوری خۆرئاوا و ئیدارەی گەرمیانیش دەکەوێتە بەشی باشوری ناوچەی توێژینەوە. لەرووی فیزۆگرافییەوە بەشێکە لە ناوچەی شاخاوی. شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە کە پارێزگای سلێمانییە کەوتووەتە نێوان بازنەکانی پانی (512 :55 :34 - 051 :53 :36) باکور و هێڵەکانی درێژی (024 :53 :44 – 129 :52 :46) ڕۆژهەڵات. (علی، صلاح الدین حسن، 2023، ل8). نەخشەی (2) ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی (2024) دەکاتە (11787)کم٢. کە ڕێژەی (٣,٢٪)ی کۆی گشتی ڕووبەری عێراقە و ڕێژەی (١٧,٨٤٪)ی کۆی گشتی ڕووبەری هەموو هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت و لەڕووی کارگێرییەوە لە (11) قەزا پێکهاتووە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە، 2024.).


**خشتەی (١) ڕووبەری قەزاکانی ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی ( 2024)**

| ناوی قەزا | ڕووبەر( کم٢) |
|---|---|
| چەمچەماڵ | ٣٤٧٣ |
| دوکان | ١٧٨٤ |
| شارباژێر | ١٢١١ |
| پێنجوێن | ١١٣٦ |
| سەنتەر(سلێمانی) | ١٠٥٤ |
| قەرەداغ | ٧١٧ |
| سەیدصادق | ٦٩٦ |
| دەربەندیخان | ٥٦٨ |
| ماوەت | ٤٦٤ |
| بازیان | ٣٥٣ |
| شارەزوور | ٣٣١ |

| | |
|---|---|
| **ڕووبەری گشتی ناوچەی توێژینەوە** | 11787 |


سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، ڕووبەری یەکەکارگێڕیکانی پارێزگای سلێمانی، بەشیGIS، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢4.

نەخشەی (١) ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە/ کاری توژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، بەشی GIS زانیاری بڵاونەکراوە، 2024.

**نەخشەی (٢) شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە**




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، بەشیGIS، زانیاری بڵاونەکراوە، 2024.

**بەشی دووەم**

**باس یەکەم:**

**یەکەم: مێژووی مین لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە:**

مێژووی مین لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، سەردەمی دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق بەرامبەر خەباتی گەلی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی هەر ئەمەش وای کرد کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق .خەڵکی کوردستان و شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کورد ڕووبەرێکی زۆر لە خاکی هەرێمی کوردستان

و ناوچەی توێژینەوە پڕ بکەن لە مین و پاشماوەی جەنگی بۆ ڕێگریکردن لە جوولەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. (نەجیب، موحسن، چاوپێکەوتن، 2024/10/7)

هەرچی مێژووی مینڕێژکردنی خاکی هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوەیە دەتوانین دابەشی بکەین بۆ چوار قۆناغ، **قۆناغی یەکەم:** لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تا ساڵی (1980)ی شەڕی (عێراق-ئێران) لەم قۆناغەدا بەهۆی شەڕی چەکداری بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق، هەندێك لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بە مین چێنرا. **قۆناغ دووەم:** لە شەڕی عێراق – ئێران لە نێوان ساڵانی (1980-1988)، لەم قۆناغەدا ڕووبەریکی فراوانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و لەناویاندا پارێزگای سلێمانی لەلایەن هەردوو ڕژێمی عێراق و ئێرانەوە بە مین داپۆشراوە. **قۆناغی سێیەم:** لە دوای ساڵی (1988)ەوە هەتا کاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی ئازادی عێراق ساڵی (2003)، لەم قۆناغەدا ڕژێمی بەعس ڕووبەرێکی زۆری خاکی کوردستانی مین ڕێژکرد بە تایبەت لەو ناوچانەی کە دەستی بەسەرداگرتبوو کەتبووە ژێر دەستی ڕژێمی عێراق و سەروو هێڵی (36) وەك بەشێك لە ناحیە و گوندەکانی قەزای چەمچەماڵ و خانەقین و کفری و کەلا و لە ناوچەی گەرمیان. **قۆناغی چوارەم:** شەڕی داعش لە ساڵی (2014-2017) لە ئەنجامی شەڕی داعش بەشێك لە ڕووبەری خاکی کوردستان بەتایبەت لە ناوچە جێناکۆکەکانی وەك ناوچەکانی دەشتی نەینەوا، ناوچەکانی دەوروبەری پارێزگای کەرکوك و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان بەتایبەتی لە ناوچەی خانەقین و جەلەولا، لایەن چەکدارانی داعش و بە تەکنیکێکی جیاواز بۆمبڕێژ کرابوون وەك ناوچەی پیسبوو بە بۆمب و مین و تەقەمەنی کاری پاککردنەوەی تێداکراوە. (عەبدوڵڵا، تەها ، 2024، ل4)

بە پێی ئەو ڕووپێویانەی دەزگای گشتیی کاروباری مین ئەنجامیانداوە، لەو ماوەیەدا ڕووبەری (٧٧٦) کیلۆمەتر چوارگۆشە لە هەرێمی کوردستان مینڕێژ کراوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ڕێکخراوە بیانییە هاوبەشەکان لە دوای ساڵی (١٩٩٢)وەوە تا ئێستا توانیویەتی ئەو ڕێژەیە بۆ (٢٥٨) کیلۆمەتری چوارگۆشە کەم بکاتەوە. سەبارەت بەو ناوچانەی بە مین چێنراون لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکەیان لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت بە شێوەیەك (٦٠%)ی دەکەوێتە سنووری پارێزگای سلێمانی و قەزای پێنجوێن، هەروەها ناوچەکانی سۆران و چۆمانیش لەو قەزایانەن کە خاکیان زۆر پیسە بە مین و پاشماوەی جەنگی و دواتریش هەڵەبجە و گەرمیان دێن.

هەنوکە هەتا ئێستاش کاری پاککردنەوەی مین لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بەردەوامە و تیمەکانی ڕێکخراوی (MAG)، لە دهۆك و سلێمانی و گەرمیان و چەمچەماڵ کاری پاککردنەوە و هۆشیاری ئەنجام دەدات و یارمەتی بەرکەوتووان و قوربانیانی (مین) دەدات. سەرەڕای کارکردنی بەردەوامی تیمەکانی هەڵگرتنەوەی مین، کەچی لە هەرێمی کوردستاندا مین و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگی هەڕەشەیەکی مەترسیدارن بۆ سەر گیان و ژیانی هاووڵاتیان بەتایبەتی لەناوچە سنوورییەکان و ئەو دێهاتانەی ئاوەدان دەکرێنەوە و خەڵك دەچێتەوە سەر ڕەز و باخی خۆیان، هەرچی کێڵگەکانی (مین)ە لە هەرێمی کوردستان ئەوا بە (٣٥٠٠) کێڵگەی مینڕێژکراو دەخەمڵێنرێت، بەتەنها لە سێ ساڵی ڕابردووشدا (٩٦) کەس بوونەتە قوربانی مین. هەرچەندە ساڵانە (٥٠٠ تا ٦٠٠) مین و چەندین پاشماوەی جەنگی و تەقەمەنیش هەڵگیراونەتەوە و بە شێوەیەکی زانستی لەناوبراون. (حکومەتی هەریمی کوردستان، فەرمانگەی میدیا و زانیاری، 2022). سەبارەت بە مێژووی ناوچە مینڕێژکراوەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەوا زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی جەنگی (هەشت) ساڵەی نێوان عێراق و ئێران لەو ماوەی جەنگەکەدا ڕووبەرێکی فراوان لە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگاکە بە تایبەت لە قەزای پینجوێن بە مین داپۆشراوە. سەرەڕای پاکردنەوەی بەشێکی زۆر لە ڕووبەری بە مین چێنراوی ناوچەکە کەچی شوینەواو مەترسیەکانی مین هێشتا هەڕەشەن لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی پارێزگاکە.

**دووەم: ڕێکخراو و دەزگاکانی مین لە ناوچەی توێژینەوە:**

لەدوای ڕاپەرینەکەی مەزنەکەی خەڵکی کوردستان (1991)، بەمەبەستی کەمکردنەوەی قوربانییەکانی مین و هەست کردن بە مەترسییەکانی مین چەندین هەوڵ و دەسپێشخەری گەڵاڵەکرا لەلایەن ڕێکخراوە بیانی و ناوخۆییەکانەوە لەبواری وشیاری مین و پاککردنەوەی ئەو ناوچانەی کە بە مین چێنرابوون. دیارترین ئەو ڕێکخراوانەش کە لەوبوارەدا لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوەدا کار و چالاکیەکان ئەنجامداوە بریتی بوون لە:

1. ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئامۆژگاری مین(MAG): ڕێکخراوێکی خۆبەخشی بیانی قازانج نەویستە لە لە بواری پاکسازی مین لە (25)وڵات کاردەکات و لە ساڵی (1992) هەتا ئێستا لە کوردستاندا کاردەکات، کاروچالاکییەکانی بریتی بوو لە وشیاری و ڕاهێنان و ڕووپێووی و پاککردنەوەی ئەو ناوچانەی کە بە مین پیسبوون.
2. ڕێکخراوی سۆلیداریەتی: ڕێکخراوێکی خۆماڵی بوو، کاری پاککردنەوەی مینی دەکرد.
3. ڕێکخراوی فریاگوزاری میللی نەرویج (NPA)ی نەرویجی: کاریان بریتی بوو لە پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین لە پارێزگای سلێمانی.


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

4. ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری و پرۆژەکان (UNOPS): ئەم رێکخراوە سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بارەگای سەرەکی لەهەولێر بوو، لە زۆر ناوچە ئۆفیسی هەبوو. لە چوارچێوەی بریاری (986)ی بەرنامەی (نەوت بەرامبەر بەخۆراك) لە کوردستاندا کاری دەکرد لە ماوەی نێوان ساڵانی (1998-2004). کاروچالاکییەکانی بریتی بوو لە: وشارکردنەوە، ڕووپێووی و پاککردنەوە، تەقاندنەوە و لەناوبردنی مین و تەقەمەنی، پشتگیری و هاوکاری بەرکەوتووانی مین، پەیوەندییەکان و بە یاسایی کردن و درووستکردنی تیم، کردنەوەی نووسینگە، کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنان.

5. ڕێکخراوی (GFS)ی بەریتانی:

6. ڕێکخراوی (ELS)

7. ڕێکخراوی (S3):

8. ڕێکخراوی پیرمام: ڕێکخراوێکی ناوخۆیی بوو لە پارێزگای سلێمانی و بە هاوکاری (UN) کاری دەکرد لە ماوەی نێوان ساڵانی (2003-2005).

9. ڕێکخراوی باوەجی:ڕێکخراوێکی ناوخۆیی بوو بە هاوکاری (UN) لە پارێزگای سلێمانی کاری دەکرد. لەماوەی نێوان ساڵانی (2003-2005).

10. ڕێکخراوی هاندی کاپ: ڕێکخراوێکی بیانی بوو لە بواری پەلی دەستکرد بۆ قوربانییەکان و دووبارە ڕاهێنانەوەی بەرکەوتوانی مین بۆ ناو کۆمەڵگە کاری دەکرد.

11. نەخۆشخانەی ئیمەرجنسی سلێمانی: ئەم نەخۆشخانەیە لە بواری چارەسەرکردنی بەرکەوتوان و بریندارانی مین و تەقەمەنی کار دەکات.

12. دەزگای گشتی کاروباری مین: دەزگایەکی حکومییە. لە ساڵی (2007) دامەزراوە کاردەکات لەبواری بەکارهێنانی سەرچاوە مرۆیی و لۆجستیەکانی دەزگاکە بە شێوەیەکی کاریگەر و پەرەپێدانی توانستە تەکنیکیەکان بۆ مسۆگەر کردنی نەهێشتنی کاریگەری مین و تەقەمەنی پاشماوە جەنگییەکان لەسەر هاوڵاتیان و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابوری کوردستان. (حسن، نەوزاد علی، چاوپێکەوتن، 2024/9/31)

ئەم رێکخراوانە لە پارێزگای سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی لە بواری وشیاری و پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین و هاوکاری بەرکەوتووانی مین کاریان کردووە ڕۆڵیان بینیووە لە کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانیان و چارسەرکردن و گرنگیدان بە بەرکەوتووانی مین و تەقەمەنی.

**سێیەم: جۆرەکانی مین:**

مینەکان چەند جۆرێکیان هەیە هەیانە مینی دەریایین هەیانە وشکانین، بۆیە دەتوانین لێرەدا مینەکان بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

**1. مینە دەرياييەکان:** لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا وردە وردە مینە دەرياييەکان پەرەیان پێدرا. بۆ تێکشکان و لەناوبردنی کەشتییە دەرياييەکان. ئەم میننانە بە بەلەمێکەوە کە پێیان دەوترێت بەلەمە بە مین چێنراوەکان یان لەرێگەی فرۆکە یاخود ژێردەرياييەکانەوە لە ڕووبەرە ئاوییەکاندا دەچێنرێن. چوار جۆری سەرەکییان هەیە:

**أ. مینە دەنگییەکان:** کە تێیدا ئامێری تەقینەوەکە کاریگەری لەسەر ئەو دەنگە دەبێت کە لەلایەن کەشتییە دەرياييەکانەوە دەردەچێت کە لە نزیکیانەوە تێدەپەڕن پییاندا دەتەقنەوە.

**ب. مینەکانی بەرکەوتن:** کاتێک کەشتیەکان بەر مینەکان دەکەون دەتەقنەوە.

**ت. مینە موگناتیسیەکان:**کە بەهۆی کێڵگەی موگناتیسی کەشتییەک یان ژێردەرياييەوە کاتێک لێی نزیک دەبێتەوە کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات و دەتەقنەوە.

**پ. مینەکانی فشار:** کە لە ئەنجامی فشاری دەرەکییدا کاریگەرییان لەسەر دروست دەبێت و بەهۆی تێپەڕبوونی کەشتییەکی دەریایی یان تیپەڕین بەسەریدا فشاری لە سەر دروست دەبێت و دەتەقێتەوە. (معروف، شاري خالد، 2011، ص26)

**2. مینە وشکانیەکان:** زیاتر لە (700) جۆریان هەیە، لە وشکانیدا و لە ژێر زەویدا دەچێنرێن و دابەش دەبن بۆ دوو جۆری سەرەکی مینە دژە کەسییەکان یاخود مینە دژە تانکەکان مینی دژە کەس(تاک) تاکەکان دەکاتە ئامانج، لە کاتێکدا مینی دژە تانک، تانکەکان یان ئۆتۆمبێلە پارێزراوەکان(درع) دەکەنە ئامانج، پۆلێن دەکرێن بۆ دوو جۆر:

**أ. مینی دژە کەسی:** مینی دژە کەسی بەکاردێت بۆ کوشتن و بریندارکردنی مرۆڤەکان، بەگشتی کێشیان کەمە لە نێوان (100گرام-4کیلۆگرامە) و فیوزێکی هەستیاریان تێدایە کە بە کێشی کەمتر لە (50) کیلۆگرام دەتەقێتەوە، ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و لەژێر کاریگەری هۆکارە سروشتییەکانی وەک شێ و ژەنگ کێشی پێویست بۆ تەقاندنەوەی مینەکە کەم دەبێتەوە، کاتێک هەر قورساییەک بەسەریدا تێپەڕێت دەتەقێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی مینە دژە مرۆییەکان قەبارەیان بچووکە و لە (10گرام تا250گرام) مادەی تەقەمەنی تێدایە، کە نزیکەی (360) جۆری هەیە لە جیهاندا و لەلایەن نزیکەی (50) وڵاتەوە دروستکراون، هەندێکیان بە شێوەیەک دیزاین کراون کە لە یاری یان شتی تری ڕۆژانە بچن وەک قەڵەم و سەعات و پاکەت و..هتد. مینی دژەکەس دەتوانرێت لە هەموو شوێنێك دابنرێت و بە چەندین ڕێگە دەتەقێتەوە، وەك پێ پیانان و

هەنگاونان بەسەریدا و ڕاکێشانی وایەر و هەژاندن. (Makki, Ihab, 2017, p:17) بەپێی شێوازی زیانگەیاندنیان پۆلێن دەکرێن بۆ:

**1. کڵپەدار:** ئەم جۆرە بەربڵاوترین جۆری مینە، شێوەیان خڕە و قەبارەیان بچووکە نزیک لەسەر ڕووی زەوی نێژراون و ڕەنگیان جۆراوجۆرە لەنێوان (سەوز و ڕەش و خۆڵەمێشی). بە شێوەیەکی گشتی بەهۆی هەنگاونان یاخود پێ پیانانی کەسێک بەسەریدا دەتەقێتەوە، پێویستی بە (5 بۆ 16 کیلۆگرام) پەستان هەیە بۆ تەقینەوە. لەکاتی تەقینەوەدا گڕو کڵپە و دەنگێکی بەهێزی لێوە دەردەچێت، دەبێتەهۆی کوشتن و کەمئەندامبوونی مرۆڤ و ئاژەڵ. (Abujarad, fawzy, 2007, p:4)

**2. مینی ساچمەدار(پارچەدار):** ئەم جۆرە مینانە لە کاتی تەقینەوەیاندا، پارچە و ساچمە بە دەوروبەریاندا بڵاو دەکەنەوە. هەتا دووری (200)مەتر بریندار و لەو دووریە کەمتر کوشتنی لێدەکەوێتەوە. ئەو پارچەیانەی لەم مینانەدا بەکارهاتوون کانزایە یاخود شوشە. ئەم جۆرە مینە دابەش دەبێت بۆ هەریەك لە مینی ئاڕاستەکراو، مینی نائاڕاستەکراو، مینی بازدەر. (دائرة الأمم المتحدة، 2016، ص16).

**ب. مینی دژە تانك:** مینی دژە ئۆتۆمبێلی پارێزراو یاخود دژە تانک، لە بواری سەربازیدا بەکاردەهێنرێن بەزۆری لە سەر ڕێگاکاندا دادەنرێن، لە مینی دژە کەسی گەورەترە و مادەی تەقەمەنییەکەی (2,4)کگم، کێشی لە نێوان (6 بۆ 11) کیلۆگرام، ناتەقێتەوە مەگەر لە ژێر فشاری زیاتر لە سەدان کیلۆگرامدا نەبێت، بەو پێیەی مینە دژە تانك و ئۆتۆمبێلەکان بۆ لەکارخستنی تانك و ئۆتۆمبێلە سەربازییە گەورەکان دروستکراون، وەک (تانك، زرێپۆش، بارهەڵگر، زیلی سەربازی، شۆفڵ و...هتد). هەروەها مینی دژە تانك کاریگەری لەسەر ئۆتۆمبێلە بچووکە مەدەنییەکان کارەساتبار تر دەبێت و دەبێتەهۆی لەناوچوونی ئۆتۆمبێلەکە و گیانلەدەستدانی سەرنشینەکان، یاخود بریندارbوونی سەختی لێ دەکەوێتەوە. چەند جۆرێکی کەمی هەیە و لەلایەن چەند وڵاتێکەوە دروستکراوە و پەرەی پێدراوە. (وقاص، ناصر، 2018، ص27). خشتەی (2)

لە ناوچەی توێژینەوە، بەزۆری مینی دژەکەسی و مینی دژە تانك بوونی هەیە و مینە دەریاییەکان بوونی نییە، بەهۆی ئەوەی دەریا و زەریامان نییە و خاوەن پاپۆڕ و کەشتی نین. هەروەها ئەو مینانەی لە کێڵگە مین ڕێژکراوەکانی ناوچەی توێژینەوە دۆزراونەتەوە باوترینیان لە جۆری (مینی vs50، مینی v69ی ڤاڵمارای ئیتالییە)، سەبارەت بە وڵاتانی بەرهەمێنەری ئەو مینانەی لە کوردستاندا چێنراوان. هەروەك (جەبار مستەفا) سەرۆکی دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ دەکات زیاتر لە (60)ساڵە مینی، (37) وڵات هەرێمی کوردستانیان دارژاندووە. هەرچی ڵاتانی بەهەمهێنەری مین و ئەو مینانەی خاکی کوردستانی پێ مین ڕێژکراوە بەزۆری دروستکراوی وڵاتانی (ئیتالیا، ڕووسیا، ئەمەریکا، ئیسرائیل، چین، بەلجیکا، چیکوسلۆڤاکیا، یوگسلاڤیا، ڕۆمانیا، بولگاریا). هەروەها بە پێی داتاکانی دەزگای گشتی مین لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە (7ملیۆن)مین چێنراوان زیاتر لە (2ملیۆن) مینیان ماون، کە لە (60%) دەکەوێتە پارێزگای سلێمانیەوە بە ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیانەوە. (ڕەحیم، هێمن بابان، سایتی ڕووداو، 2021/5/2). ئەگەر ناوچە مین ڕێژکراوەکان لە مین پاك نەکرێنەوە ئەوا چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا قوربانی لێ بکەوێتەوە.خشتەی (3)

**خشتەی (2)، بەراورد لەنێوان مینی دژە کەسی و مینی دژە تانك**

| تایبەتمەندی | مینی دژە کەسی | مینی دژە تانك |
|---|---|---|
| کێش | سوکە (100 گرام-4 کگم) | قورسە (6 کگم-11 کگم) |
| قەبارە | 6-20 سانتی مەتر | 20-50 سانتی مەتر |
| ئامانج | مرۆڤ (کوشتن و بریندارکردن) | تانك و ئۆتۆمبێلی درع، ئۆتۆمبێلی گەورە |
| مادەی کەرەستەکە | پلاستیك، کانزا، دار | پلاستیك،کانزا |
| پەستانی کارپێکراو | 5 کگم | 120 کگم |
| مادەی تەقەمەنییەکەی | (10گرام تا250گرام) | (2,4)کگم |
| جۆرە بەربڵاوەکانی | 360 جۆر | چەند جۆرێکی کەمی هەیە |
| وڵاتانی دروستکەر | 50 وڵات | لەلایەن چەند وڵاتێکەوە دروستکراوە |

سەرچاوە: توێژەر پشت بەست بە زانیاری و سەرچاوەکانی سەرەوە

**خشتەی (3)، ئاماری مین لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە، بۆ ساڵی (2021)**

| بابەت | تایبەتمەندی | بە ژمارە |
|---|---|---|
| ماوەی ساڵی چاندنی مین | مینی دژەکەس و مینی دژە تانك | زیاتر لە (60) ساڵ |
| کۆی ژمارە و جۆرەکانی مینە چێنراوەکان | مینی دژەکەس و مینی دژە تانك | (7) ملیۆن |
| ژمارەی مینی هەڵگیراو(پاککراوە) | مینی دژەکەس و مینی دژە تانك | (5) ملیۆن |
| ژمارەی مینی ماوە(پاکنەکراوە) | مینی دژەکەس و مینی دژە تانك | (2) ملیۆن |
| وڵاتانی بەرهەمهێن | مینی دژەکەس و مینی دژە تانك | (37) وڵات |
| ناوچەی مین ڕێژکراو لە پارێزگای سلێمانی | مینی دژەکەس و مینی دژە تانك | (60%)ی هەرێمی کوردستان |

سەرچاوە: توێژەر پشت بەست بە: رەحیم، هێمن بابان، سایتی ڕووداو، 2021/5/2.

**باسی دووەم: دابەشبووونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لە ناوچەی توێژینەوە:**

**یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لە هەرێمی کوردستان:**

سەبارەت بە دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە پێی ژمارەو ڕێژەکانیان، وەك لە خشتەی (4)دا هاتووە. ژمارەی کێڵگەکانی مین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە کۆی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەوەکانیانەوە، خۆیدەدات لە (3182) کێڵگە. بەم شێوەیە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا دابەشبوون:

**1.** زۆرترین کێڵگەکانی مین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لەناو کۆی پارێزگاکانی هەرێم، دەکەوێتە پارێزگای سلێمانییەوە بەخۆیی و ئیدارە سەربەخۆکانییەوە. بەشێوەیەکە ژمارەی کێڵگەکانی مین لە پارێزگاکە دەگاتە (2048) کێڵگە. ڕێژەی (64%) کۆی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، ئەمەش لەلایەك بەهۆی فراوانی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی لەلایەکی تر زۆربەی مینە چێنراوەکان دەگەڕێنەوە بۆ ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق پارێزگاکە بە ناوچەی ململانێ و جەنگ دادەنرێت لە ڕابردوودا.

**2.** هەر بە پێی خشتەکە، کەمترین کێڵگەی مین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە پارێزگای هەڵەبجە، کە ژمارەی کێڵگەکانی دەگاتە (324)کێڵگە، بە ڕێژەی (10%)ی کۆی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، ئەمەش بەهۆی بچوکی ڕووبەری پارێزگاکە کە لە هەریەك لە قەزای ناوەندی هەڵەبجە و قەزای خورماڵ و چەند ناحیەیەك پێکهاتووە.

**3.** ژمارەی کێڵگەکانی مین لە هەریەك لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر بەخۆیان و ئیدارە سەربەخۆکانیانەوە بەم شێوەیە: پارێزگای دهۆك ژمارەی کێڵگە مینەکانی دەگاتە (426) کێڵگە، بە ڕێژەی (14%)، لە دوای پارێزگای سلێمانییەوە دووەمین زۆرترین ژمارە و ڕێژەی کێڵگەی مین پێکدەهێنێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. پارێزگای هەولێریش پلەی سێیەمی وەرگرتووە بەشێوەیەك ژمارەی کێڵگەکانی مین لەو پارێزگایە دەگاتە (384) کێڵگە. ڕێژەی (12%)ی کۆی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت. خشتەی (4)، شێوەی (1)، نەخشەی (3).

**خشتەی (4)، دابەشبوونی جوگرافی ژمارە و ڕێژەی کێڵگەکانی مین لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021)**

| پارێزگاکان | پارێزگای هەولێر[1] | پارێزگای سلێمانی[2] | پارێزگای دهۆك[3] | پارێزگای هەڵەبجە | کۆی هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| **ژمارەی کێڵگە** | 384 | 2048 | 426 | 324 | 3182 |
| **ڕێژەی کێڵگە بە سەدی %** | %12 | %64 | %14 | %10 | %100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، ڕێبەری شوێنی کێڵگە مینەکان، بۆ ساڵی 2021، ل8-61

---


[1] کۆی پارێزگای هەولێر بە ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانەوە.


[2] کۆی پارێزگای سلێمانی بە ئیدارەی سەربەخۆی راپەڕین و گەرمیانەوە.

[3] کۆی پارێزگای دهۆك بە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆوە.

2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی سلێمانی، بەرێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون، بەشی ئیدارەی زانیاری، داتای بڵاونەکراوە بۆ ساڵی 2021


**شێوەی (1)، دابەشبوونی جوگرافی ڕێژەی کێڵگەکانی مین لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە داتاکانی خشتەی (4).

**نەخشەی (3)، دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021)**




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، بەشیGIS، زانیاری بڵاونەکراوە، 2021.

**دووەم: دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لە ناوچەی توێژینەوە:**

سەبارەت بە دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە کە پارێزگای سلێمانی دەکات بە یەکە کارگێڕییەکانیەوە جگەلە ئیدارە سەربەخۆکانی (ڕاپەڕین و گەرمیان). وەك لە خشتەی (5)دا هاتووە ئەوا ژمارەی کێڵگە مینەکانی پارێزگاکە دەکاتە (1591) کێڵگە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پلەی یەکەمی وەرگرتووە و زۆرترین ژمارەی کێڵگەی مینی هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە. هەرچی کۆی ژمارە و ڕێژەی کێڵگەکانی مینی ناوچەی توێژینەوەیە ئەوا بەم شێوەیە بەسەر یەکە کارگێڕییەکان(قەزاکان)ی پارێزگاکەدا دابەشبووە:

sjh@univsul.edu.iq


**1.** زۆرترین ژمارە و ڕێژەی کێڵگەی مین لەناوچەی توێژینەوە، دەکەوێتە قەزای (پێنجوێن)ەوە. بەشێوەیەك ژمارەی کێڵگە مینەکانی ئەو قەزایە دەکاتە (542) کێڵگە، ڕێژەی (34%)ی کۆی کێڵگەکانی مینی ناوچەی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی قەزاکە هاوسنوورە لەگەڵ ئێران و لەماوەی شەڕی عێراق و ئێراندا زۆرترین مینی تێداچێنراوە.
**2.** هەریەك لە قەزاکانی (شارباژێر و ماوەت)، پلەی دووەم و سێیەمیان وەرگرتووە لەناو یەکە کارگێرییەکانی ناوچەی توێژینەوە. بەشێوەیەك ژمارەی کێڵگەکانی مین لە قەزای شارباژێر دەکاتە (455) کێڵگە، بە ڕێژەی (29) و ژمارەی کێڵگەکانی مین لە قەزای ماوەت (296) کێڵگەی وەرگرتووە بە ڕێژەی (19%)ی پارێزگاکەی پێکهێناوە. ئەم ناوچانەش ناوچەی جەنگ و ململانێی سەربازی بوون بەتایبەت لەهەمان ماوەی شەڕی عێراق و ئێران.
**3.** ژمارە و ڕێژەی کێڵگەکانی مین لە هەریەك لە قەزاکانی دەربەندیخان و دوکان و سەیدصادق و سەنتەری پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە ژمارە و ڕێژەی جیاوازیان وەرگرتووە بەم شێوەیە: ژمارەی کێڵگەکانی مین لە قەزای دەربەندیخان دەکاتە (162) کێڵگە، بە ڕێژەی (10%). ژمارەی کێڵگەی مین لە قەزای دوکان دەکاتە (75) کێڵگە بە ڕێژەی (5%). ژمارەی کێڵگەی مین لە قەزای سەیدصادق دەکاتە (40) کێڵگە، بە ڕێژەی (2%). ژمارەی کێڵگەکانی سەنتەری پارێزگای سلێمانی دەکاتە (15) کێڵگە و ڕێژەی (1%)ی پارێزگاکەی پێکهێناوە.
**4.** ژمارە و ڕێژەی هەریەك لە قەزاکانی (قەرەداغ، شارەزوور، چەمچەماڵ) ژمارە و ڕێژەیەکی کەمیان وەرگرتووە بەشێوەیەکە ژمارەی کێڵگەکانیان لەنێوان (1، 2، 3) کێڵگەدایە و ڕیژەکانیان دەکاتە (0%). خشتەی (5)، شێوەی (2)، نەخشەی (4).

**خشتەی (5)، دابەشبوونی جوگرافی ژمارە و ڕێژەی کێڵگەکانی مین لە سەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی (2021)**

| ناوی قەزا | ژمارەی کێڵگە | ڕێژەکەی بە سەدی٪ |
|---|---|---|
| سەنتەر(سلێمانی) | 15 | %1 |
| دوکان | 75 | %5 |
| شارباژێر | 455 | %29 |
| پێنجوێن | 542 | %34 |
| چەمچەماڵ | 3 | %0 |
| قەرەداغ | 1 | %0 |
| سەیدصادق | 40 | %2 |
| دەربەندیخان | 162 | %10 |
| ماوەت | 296 | %19 |
| شارەزوور | 2 | %0 |
| کۆی ناوچەی توێژینەوە | 1591 | %100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە:
1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، ڕێبەری شوێنی کێڵگە مینەکان، بۆ ساڵی 2021، ل8-61
2. دیلمان کامل کەریم، دابەشبوونی جوگرافی و کاریگەرییە ژینگەییەکانی کێڵگەکانی مین لە قەزای پێنجوێن، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2022، ل76


**شێوەی (2)، دابەشبوونی جوگرافی ژمارە و ڕێژەی کێڵگەکانی مین لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 2021**




sjh@univs

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە داتاکانی خشتەی (5)

**نەخشەی (4)، دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 2021**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، بەشیGIS، زانیاری بڵاونەکراوە، 2021.

**بەشی سێیەم: شیکردنەوەیەك بۆ بەرکەوتووانی مین و دیمۆگرافیای بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە:**

**یەکەم: بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە:**

مەبەست لە بەرکەوتووانی مین، هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە (مین) پێیاندا تەقیوەتەوە جا شەهیدبووبن یاخود کەم ئەندام(بریندار).

سەبارەت بە بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ئەوا پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت، هەروەکو لە خشتەی (6)دا دەردەکەوێت، ژمارەی بەرکەوتووانی مین لە پارێزگاکە جگەلە (ئیدارەی سەربەخۆی رانیە، ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان ) خۆیدەدات لە (5265) بەرکەوتوو، ژمارەکە بەم شێوەیە دابەشبووە: کۆی ژمارەی بەرکەوتووان لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە، خۆی دەدات لە (5265)کەس، هەرچی ژمارەی شەهیدانی مینە دەکاتە


(4401)، بەمەش ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە کە دەکاتە (84%)، لەچاو ژمارەی کە ئەندامان و بریندااران کە ژمارەکە دەکاتە (864)، بە ڕێژەی (16%). هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرفراوانی ڕووبەر و سنووری ناوچەکە لەلایەك و لەلایەکی تر کە کەمی وشیاری دانیشتوانی ناوچەکە دەربارەی زیانەکانی مین ئەمە لەکاتێکدا مین دوژمنێکی بێ ناسنامەی ونە، بە بەرکەوتن دەتەقێتەوە، بە تەقینەوەش قوربانی لێدەکەوێتەوە. بڕوانە خشتەی (6)، شێوەی (3).

**خشتەی (6)، دابەشبوونی ژمارە و ڕێژەی بەرکەوتووانی مین لە سەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە**

| ناوچەی توێژینەوە | شەهید | کەم ئەندام | کۆی بەرکەوتووان |
|---|---|---|---|
| **بەرکەوتووان بە ژمارە** | **4401** | **864** | **5265** |
| **بەرکەوتووان بەڕێژە** | **%84** | **%16** | **%100** |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی سلێمانی، بەشی وشیاری و قوربانیانی مین و تەقەمەنی، هۆبەی داتا و زانیاری قوربانیانی مین، داتای بڵاونەکراوە بۆ ساڵی 2024

**شێوەی (3)، دابەشبوونی جوگرافی ژمارە و ڕێژەی بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی 2024**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە داتاکانی

خشتەی (6)

**دووەم: دابەشبوونی بەرکەوتووانی مین لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان(قەزاکان)ی ناوچەی توێژینەوە:**

دابەشبوونی جوگرافی ژمارە و ڕێژەی بەرکەوتووانی مین لە سەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوە جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر ئەویش بەهۆی جیاوازی زۆری و کەمی ژمارەی بەرکەوتووان و قوربانیانی مین لە سەر ئاستی ناوچە جیاوازەکانی پارێزگاکە، هەروەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت:

1. قەزای پێنجوێن بە پلەی یەکەم دێت: دابەشبوونی جوگرافی زۆرترین ژمارەی بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە قەزای (پێنجوێن)، بەشێوەیەك کە کۆی ژمارەی بەرکەوتووانی قەزاکە دەکاتە (1152)کەس، لەم ژمارەیە زۆریەیان شەهیدە کە دەکاتە (1029) شەهید، کە ڕێژەی (23%)ی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە. ئەمەش بەرزترین ژمارەی بەرکەوتووان و شەهیدی پارێزکاکە پێکدەهێنێت ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی کەم ئەندامانی قەزای پێنجوێن خۆیدەدات لە (123) کەم ئەندام، بەمەش ڕێژەی (14%) کەم ئەندامانی پارێزگاکەی پێکهێناوە. هۆکارەکەش ئەوەیە قەزای پێنجوێن ناوچەیەکی سنووریە دەکەوێتە نێوان سنوری عێراق و ئێرانەوە لە شەڕی (هەشت) ساڵەی عێراق ئێران بەشێکی زۆر لە خاکەکەی مینڕێژکرا هەروەها زۆرترین ژمارەی کێڵگەکانی مینیش دەکەوێتە ئەو قەزایەوە، هەروەها قەزاکە ناوچەیەکی شاخاوی و سەختە ڕەنگە پاککردنەوەی ئاسا نەبێت و کاتێ پێویست بێت.

2. سەنتەری سلێمانی بە پلەی دووەم دێت: لە تۆمارکردنی بەرزترین ژمارە و ڕێژەی بەرکەوتوو لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە، بەشێوەیەك کۆی بەرکەوتووانی مین لە سەنتەری سلێمانی دەکاتە (964) بەرکەوتوو، ڕێژەی (18%)ی کۆی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە. لەم ژمارەیە (842) کەسیان شەهیدە، کەدەکاتە ڕێژەی (19%). هەرچی ژمارە کەم ئەندامانی سەنتەری سلێمانییە خۆی دەدات لە (122) کە ئەندام، ڕێژەی (14%)ی کەم ئەندامانی پارێزگاکەی پێکهێناوە. فراوانی


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سنووری سەنتەری سلێمانی و لە خۆگرتنی یەکە کارگێرییەکانی ناوچەکە هۆکارن بۆ ئەو ژمارە زۆرە، یاخود دەکرێت بەشێك لە بەرکەوتووانی مین خەڵکی سلێمانی بن بەڵام لەبەر هەر هۆکارێك بێت لە شوێنی تر مین پێیاندا تەقیبێتەوە.

3. قەزای شارباژێر بە پلەی سێیەم دێت: لە تۆمارکردنی بەرزترین ژمارە و ڕێژەی بەرکەوتوو لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە، بەشێوەیەك کۆی بەرکەوتووانی مین لە قەزای شارباژێر دەکاتە (856) بەرکەوتوو، ڕێژەی (16%)ی کۆی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە. لەم ژمارەیە (741) کەسیان شەهیدە، کەدەکاتە ڕێژەی (17%). هەرچی ژمارە کەم ئەندامانی قەزاکەیە، خۆی دەدات لە (115) کە ئەندام، بەمەش ڕێژەی (13%)ی کە ئەندامانی پارێزگاکەی پێکهێناوە. ئەمەش بەهۆی سەختی ناوچەکە و قورسی کاری پاککردنەوەی لەلایەن تیمەکانی پاککردنەوەی مینەوە.هەروەها دوای قەزای شارباژێر، هەریەك لە قەزاکانی (ماوەت، دوکان، دەربەندیخان، چەمچەماڵ، بازیان، شارەزوور، قەرەداغ) بەڕیزبەندی و بەدوای یەکدا دێت.

4. کەمترین ژمارە و ڕێژەی بەرکەوتووانی مین لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە قەزای قەرەداغ ، بەشێوەیەك کۆی بەرکەوتووانی مین لە قەزای قەرەداغ دەکاتە (55) بەرکەوتوو، ڕێژەی (1%)ی کۆی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە. لەم ژمارەیە (43) کەسیان شەهیدە، کەدەکاتە ڕێژەی (1%). هەرچی ژمارە کەم ئەندامانی قەزاکەیە، خۆی دەدات لە (12) کە ئەندام، بەمەش ڕێژەی (1%)ی کەم ئەندامانی پارێزگاکەی پێکهێناوە. هۆکارەکەش ئەوەیە جوگرافیای قەزای قەرەداغ ناوچەیەکی شاخاوی سەختە و ڕووبەرەکەی بچووکە و کەمتر دوژمن پەنای بۆ چاندنی مین بردووە لەچاو ناوچەکانی تر.


5. ئەوەی جێگەی سەرنجە جیاوازیەکی بەرچاو دەبینرێت لە تۆمارکردنی ژمارەی شەهید و کە ئەندامان لە قەزای (دوکان): ئەگەرچی قەزاکە پلەی پێنجەمی وەگرتووە لە بەرزترین ژمارە و ڕێژەی بەرکەوتووانی مین لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە. بەشێوەیەك کۆی بەرکەوتووانی مین لە قەزاکە دەکاتە (407) بەرکەوتوو، کە ڕێژەی (8%)ی کۆی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە. کەچی ژمارەی کەم ئەندامانی قەزاکە زۆرترە لە ژمارەی شەهیدان هەروەك لە خشتەکەدا هاتووە، ژمارەی کەم ئەندامانی قەزای دوکان دەکاتە (212) کەم ئەندام، بەرزترین ڕێژەی تۆمار کردووە لەنێوان یەکە کارگێرییەکانی ناوچەی توێژینەوە بە ریژەی (25%). هەرچی ژمارەی شەهیدانی قەزاکەیە، خۆی دەدات لە (195) شەهید، بەمەش تەنها ڕێژەی (4%)ی کۆی شەهیدانی پارێزگاکەی پێکهێناوە. خشتەی (7). نەخشەی (5)

**خشتەی (7)، دابەشبوونی جوگرافی ژمارە و ڕێژەی بەرکەوتووانی مین لەسەر ئاستی قەزاکانی ناوچەی توێژینەوە**

| قەزاکان | شەهید بە ژمارە | شەهید بە ڕێژە % | کەم ئەندام بە ژمارە | کەم ئەندام بە ڕێژە % | کۆی بەرکەوتووان بە ژمارە | کۆی بەرکەوتووان بە ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری سلێمانی | 842 | %19 | 122 | %14 | 964 | %18 |
| شارباژێر | 741 | %17 | 115 | %13 | 856 | %16 |
| ماوەت | 479 | %11 | 104 | %12 | 583 | %11 |
| دەربەندیخان | 340 | %8 | 23 | %3 | 363 | %7 |
| دوکان | 195 | %4 | 212 | %25 | 407 | %8 |
| سەیدصادق | 218 | %5 | 25 | %3 | 243 | %5 |
| پێنجوێن | 1029 | %23 | 123 | %14 | 1152 | %22 |
| شارەزوور | 101 | %2 | 7 | %1 | 108 | %2 |
| قەرەداغ | 43 | %1 | 12 | %1 | 55 | %1 |
| چەمچەماڵ | 329 | %8 | 62 | %7 | 391 | %7 |
| بازیان | 84 | %2 | 59 | %7 | 143 | **%3** |
| **کۆی پارێزگای سلێمانی** | **4401** | **%100** | **864** | **%100** | **5265** | **%100** |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی سلێمانی، بەشی وشیاری و قوربانیانی مین و تەقەمەنی، هۆبەی داتا و زانیاری قوربانیانی مین، داتای بڵاونەکراوە بۆ ساڵی 2024.

**نەخشەی (5)، دابەشبوونی جوگرافی بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی 2024**



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی سلێمانی، بەشی وشیاری و قوربانیانی مین و تەقەمەنی، هۆبەی داتا و زانیاری قوربانیانی مین، داتای بڵاونەکراوە بۆ ساڵی 2024

**باسی دووەم: دابەشبوونی دیمۆگرافیای بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە:**

**یەکەم: دابەشبوونی پێکهاتەی ڕەگەزی بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە:**

سەبارەت بە دابەشبوونی پێکهاتەی ڕەگەزی بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە. ئەوا وەك لە خشتەی (8)دا دەردەکەوێت لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە زۆرترین قوربانی بەرکەوتووانی مین لە ڕەگەزی (نێر)ن، ئەگەرچی ڕەگەزی (مێ)ش بێبەش نییە لە قوربانیانی مین. هۆکارەکەش ئەوەیە ڕەگەزی نێر لە چاو ڕەگەزی مێ زۆرتر لە دەرەوەن بە کاری جۆراوجۆرەوە سەرقاڵن و بەدوای بژێویدا وێڵن. هەرچی دابەشبوونی پێکهاتەی ڕەگەزی بەرکەوتووانی مینە بەم شێوەیە دابەشبووە بەسەر ناوچەی توێژینەوە:

1. ژمارەی بەرکەوتووانی مین لە ناچەی توێژینەوە خۆیدەدات لە (5265) بەرکەوتوو، دابەشبوونی پێکهاتەی ڕەگەزی پارێزگاکە جگەلە ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان، ڕاپەڕین)، بەم شێوەیە: هەرچی ڕەگەزی نێرە ژمارەکەی دەکاتە (4797) بەرکەوتوو، ڕێژەکەی دەکات (91%)، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە لەچاو ڕەگەزی مێ کە ژمارەکەی دەکاتە (468) بەکەروتووی مێ، بە ڕێژەی (9%) کۆی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە.

2. بەرزترین ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەی ڕەگەزی بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە قەزای پێنجوێن، بەشێوەیەك ژمارەی ڕەگەزی (نێر) دەکاتە (1050)کەس بە ڕێژەی (22%) لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە، ئەوەی شایانی باسە ژمارەی رەگەزی مێ دەکاتە (103)کەس کەچی هەمان ڕێژەی نێری پێکهێناوە بە ڕێژەی (22%). هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕاستە ژمارەی مێ کەمە لەقەزاکە کە (103) مێیە بەڵام لەسەر ئاستی قەزاکانی ناوچەی توێژینەوەیە ئەو ژمارەیە بەرزترین پلەی تۆمار کردووە لەسەر ئاستی بەرکەوتووانی ناوچەی توێژینەوە.

3. کەمترین ژمارە و ڕێژەی بەرکەوتووانی مین لەسەر ئاستی پێکهاتەی ڕەگەزی بەرکەوتووان لە ناوچەی توێژینەوە، دەکەوێتە قەزای قەرەداغ، بەشێوەیەك ژمارەی بەرکەوتووی نێر دەکاتە (46)کەس، ڕێژەی (1%)ی بەرکەوتووانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە. کەچی ژمارەی بەرکەوتووانی مین بۆ ڕەگەزی مێ دەکاتە (9)کەس و ڕێژەی (2%)ی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە.لەهەمان کاتدا بەرکەوتووانی مین لە قەزای شارەزوور لە ڕووی پێکهاتەی ڕەگەزییەوە ئەنجامەکەی نزیکە لە قەزای قەرەداغ بەتایبەت لە ڕەگەزی مێدا. هەروەکو ژمارەی بەرکەوتووانی مین لە قەزای شارەزوو بۆ ڕەگەزی

نێر دەکاتە (100)کەس، ڕێژەی (2%)ی بەرکەوتووانی مینی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە. کەچی بۆ ڕەگەزی مێ ژمارەکە کەم دەبێتەوە بۆ (8)کەس، بەهەمان شێوەی قەزای قەرەداغ ڕێژەی (2%)ی تۆمار کردووە لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە.


4. دوای قەزای پێنجوێن هەریەك لە قەزاکانی (سەنتەری سلێمانی، شارباژێر، ماوەت) پلەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمیان وەرگرتووە لە دابەشبوونی پێکهاتەی ڕەگەزی دانیشتوان بە پێی ژمارە و ڕێژەی نێر و مێ. بەدوای ئەوانیشدا هەریەك لە قەزاکانی (دوکان، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بازیان) دێت بە ژمارە و ڕێژەی جیاواز. بڕوانە خشتە (8) و شێوەی (4).


**خشتەی (8)، دابەشبوونی ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەی ڕەگەزی بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە**


| قەزاکان | ڕەگەز | | | | کۆی نێر و مێ بە ژمارە | کۆی نێر و مێ بە ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر بە ژمارە | نێر بە ڕێژە % | مێ بە ژمارە | مێ بە ڕێژە % | | |
| سەنتەری سلێمانی | 874 | %18 | 90 | %19 | 964 | %18 |
| شارباژێر | 784 | %16 | 72 | %15 | 856 | %16 |
| ماوەت | 545 | %11 | 38 | %8 | 583 | %11 |
| دەربەندیخان | 332 | %7 | 30 | %7 | 362 | %7 |
| دوکان | 364 | %8 | 43 | %9 | 407 | %8 |
| سەیدصادق | 220 | %5 | 23 | %5 | 243 | %5 |
| پێنجوێن | 1050 | %22 | 103 | %22 | 1153 | %22 |
| شارەزوور | 100 | %2 | 8 | %2 | 108 | %2 |
| قەرەداغ | 46 | %1 | 9 | %2 | 55 | %1 |
| چەمچەماڵ | 352 | %7 | 39 | %8 | 391 | %7 |
| بازیان | 130 | %3 | 13 | %3 | 143 | %3 |
| کۆی پارێزگای سلێمانی | 4797 | %91 | 468 | %9 | 5265 | %100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی سلێمانی، بەشی وشیاری و قوربانیانی مین و تەقەمەنی، هۆبەی داتا و زانیاری قوربانیانی مین، داتای بڵاونەکراوە بۆ ساڵی 2024.

**شێوەی (4)، دابەشبوونی ڕێژەی پێکهاتەی ڕەگەزی بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە**







سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە داتاکانی خشتەی (8)

**دووەم: دابەشبوونی پێکهاتەی پیشەیی و ئابوری بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە:**

سەبارەت بە دابەشبوونی پێکهاتەی پیشەیی و ئابوری بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە. ئەوا وەك لە خشتەی (9)دا دەردەکەوێت لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە بەرکەوتووانی مین پێکهاتەی پیشەیی و ئابوری جیاوازیان هەیە، بە شێوەیەك

بەرزترین ژمارەی بەرکەوتوو لەنێوان پیشە جیاوازەکاندا، بە ژمارە (1429)لە پیشەی کرێکاریدا بووە، دوای ئەویش پیشەی جوتیارییە بە (1129) بەرکەوتوو، دواتر پیشەی خوێندکارییە بە (852) بەرکەوتوو بەپلەی سێیەم دێت. لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوەش ژمارەی پیشەکان جیاوازە لە نێوان قەزاکاندا. هۆکارەکەش ئەوەیە لە دوای کۆچی دانیشتوان لە لادێوە بۆ شارەکان بەهۆکاری سیاسی و ئابوری و..هتد. زۆربەی دانیشتوان لە شارەکان پیشەی کرێکاری بووە پیشەی سەرەکیان، هەروەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت:

1. بەرزترین ژمارەی بەرکەوتووانی مین لەسەر ئاستی قەزاکانی ناوچەی توێژینەوە لە پیشەی کرێکارییە. جگەلە قەزاکانی (شارباژێر، ماوەت، پێنجوێن، سەیدصادق و قەرەداغ) و کە پیشەی جوتیاری بە پلەی یەکەم دێت، سەرجەم قەزاکانی تر زۆرترین بەرکەوتوو لە پیشەی کرێکاری بووە، هەروەك پیشەی کرێکاری لە سەنتەری پارێزگای سلێمانی لەنێوان هەموو قەزاکان بەرزترین ژمارەی تۆمارکردووە بە (309) بەرکەوتوو بە پلەی یەکەم دێت. هۆکارەکەش ئەوەیە خەڵکی سەنتەری شارەکان زۆرتر بە کەسابەت و کارێکارییەوە خەریکن لە چاو پیشەکانی تر.

2. بەرزترین ژمارەی بەرکەوتووانی مین بۆ پیشەی جوتیاری لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە قەزای پێنجوێن بە (335) بەرکەوتوو، بە پلەی یەکەم دێت دوای ئەویش هەریەك لە قەزاکانی شارباژێر بە (257) بەرکەوتوو بە پلەی دووەم و قەزای ماوەت بە (167) بەرکەوتوو بە پلەی سێیەم دێت. هۆکارکەش ئەوەیە ئەو ناوچانە بە مەڵبەندی کشتوکاڵی دادەنرێن و خەڵکی ئەو ناوچانە بە پیشەی کشتوکاڵی و باخدارییەوە خەریکن.

3. نزمترین ژمارەی بەرکەوتووانی مین بۆ پیشە جیاوازەکان لەنێوان قەزاکانی ناوچەی توێژینەوە پیشەی (شۆفێری)یە، قەزای شارەزوور کەمترین ژمارەی بەرکەوتووی مینی هەبووە لەو پیشەیە، کە دەکاتە (2) بەرکەوتوو. لەسەر و ئەویش قەزای قەرەداغە بە (3) بەرکەوتوو. دوای پیشەی شۆفێری، ژنی ماڵەوەش ژمارەیەکی نزمی تۆمار کردووە، بەشێوەیەك هەریەك بە قەزای بازیان و شارەزوو بە (5) بەرکەوتوو لە خوارەوەی ڕیزبەندیەکەدان. هۆکارەکەش شۆفێری نەبووەتە پیشەی باوی کۆمەڵگە لە پەیداکردنی بژێویدا.


4. هەریەك لە پیشەکانی خوێندکار و شوانی و کارمەندی دەزگاکان و پێشمەرگایەتی پلە و ژمارەی جیاوازیان وەرگرتووە لە نێو بەرکەوتووانی مین لەسەر ئاستی قەزاکانی ناوچەی توێژینەوە. بڕوانە خشتەی (9) و شێوەی (5)

**خشتەی (9)، دابەشبوونی پێکهاتەی پیشەیی و ئابووری بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە**

| قەزاکان | خوێندکار | شوان | پێشمەرگە | جوتیار | کرێکار | ژنی ماڵەوە | شۆفێر | کارمەند | کۆی بەرکەوتووان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری سلێمانی | 223 | 96 | 58 | 85 | 309 | 52 | 26 | 115 | 964 |
| شارباژێر | 112 | 120 | 54 | 257 | 207 | 36 | 16 | 54 | 856 |
| ماوەت | 92 | 65 | 27 | 167 | 138 | 31 | 9 | 54 | 583 |
| دەربەندیخان | 37 | 42 | 12 | 62 | 169 | 21 | 5 | 15 | 363 |
| دوکان | 63 | 70 | 40 | 78 | 101 | 28 | 7 | 20 | 407 |
| سەیدصادق | 45 | 37 | 15 | 59 | 47 | 28 | 4 | 8 | 243 |
| پێنجوێن | 140 | 174 | 71 | 335 | 285 | 63 | 31 | 53 | 1152 |
| شارەزوور | 17 | 25 | 5 | 17 | 31 | 5 | 2 | 6 | 108 |
| قەرەداخ | 5 | 15 | 6 | 8 | 7 | 7 | 3 | 4 | 55 |
| چەمچەماڵ | 91 | 81 | 29 | 43 | 104 | 24 | 14 | 5 | 391 |
| بازیان | 27 | 35 | 9 | 18 | 31 | 5 | 6 | 12 | 143 |
| کۆی پارێزگای سلێمانی | 852 | 760 | 326 | 1129 | 1429 | 300 | 123 | 346 | 5265 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی سلێمانی، بەشی وشیاری و قوربانیانی مین و تەقەمەنی، هۆبەی داتا و زانیاری قوربانیانی مین، داتای بڵاونەکراوە بۆ ساڵی 2024.

**شێوەی (5)، دابەشبوونی پێکهاتەی پیشەیی و ئابوری بەرکەوتووانی مین لە ناوچەی توێژینەوە**



| | سەنتەری سلێمانی | شارباژێڕ | ماوەت | دەربەندیخان | دوکان | سەیدسادق | پێنجوێن | شارەزوور | قەرەداغ | چەمچەماڵ | بازیان | کۆی پارێزگای سلێمانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خوێندکار | 223 | 112 | 92 | 37 | 63 | 45 | 140 | 17 | 5 | 91 | 27 | 852 |
| شوان | 96 | 120 | 65 | 42 | 70 | 37 | 174 | 25 | 15 | 81 | 35 | 760 |
| پێشمەرگە | 58 | 54 | 27 | 12 | 40 | 15 | 71 | 5 | 6 | 29 | 9 | 326 |
| جوتیار | 85 | 257 | 167 | 62 | 78 | 59 | 335 | 17 | 8 | 43 | 18 | 1129 |
| کاسبکار | 309 | 207 | 138 | 169 | 101 | 47 | 285 | 31 | 7 | 104 | 31 | 1429 |
| ژنی ماڵەوە | 52 | 36 | 31 | 21 | 28 | 28 | 63 | 5 | 7 | 24 | 5 | 300 |
| شوفێر | 26 | 16 | 9 | 5 | 7 | 4 | 31 | 2 | 3 | 14 | 6 | 123 |
| کارمەند | 115 | 54 | 54 | 15 | 20 | 8 | 53 | 6 | 4 | 5 | 12 | 346 |
| کۆی بەرکەوتووان | 964 | 856 | 583 | 363 | 407 | 243 | 1152 | 108 | 55 | 391 | 143 | 5265 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە داتاکانی خشتەی (9)

**سێیەم: کاریگەرییەکانی مین:**

**1. کاریگەری لەسەر مرۆڤ و چالاکییە مرۆییەکانی:**

کاریگەریەکی نەرێنی هەیە لەسەر ژیان و داهاتووی بەرکەوتووان. ڕەنگە دیارترین کاریگەرییەکانی ئەوە بێت کە مین دوژمنێکی ترسناکە بەردەوام لە بۆسەدایە بۆ مرۆڤ، کاتێك مرۆڤ دەکات بە ئامانج یان ڕاستەوخۆ دەیکوژێت یاخود دەبێتەهۆی برینداربوون و کەم ئەندامی ئەمەش چەندین ئاسەوار بەدوایخۆیدا دەهێنێت، کە کاریگەری هەیە لەسەر ژیان و بژیوی و چالاکییەکانی مرۆڤ. لە دیارترین کاریگەرییە ترسناکەکانی مین لەسەر مرۆڤ بەرزبوونەوەی بەردەوامی ژمارەی بەرکەوتووان و ئازاری لەدەستدانی ئەندامەکانی و شێواندنی بەشێك لە جەستەی کە بەدرێژایی تەمەنی ئەم دۆخەی لەگەڵدا دەمێنێتەوە. مین دوژمنێکە جیاوازی ناکات لە نێوان نێر و مێ، گەنج و پیر، سەرباز و مەدەنی. هەریەك لەو گروپە جیاوازانە ئەگەری لەهەر ساتێکدا بێت ببن بە نیچیری مین بەتایبەت لەو ناوچانەی کە مینرێژکراوان. هەروەك کەم ئەندامەکانی مین بەتەنها نابنە بار بەسەر خیزانەکانیانەوە بەڵکو بارگرانین بۆسەر کۆمەڵگە لە مرۆڤێکی چالاکەوە دەبن بە مرۆڤێکی پاسیڤ کە توانای چالاکیان کەم دەبێتەوە. (حسین، نەوران محمد، 2020، ص1068). ڕەنگە یەکێك لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی مین لە ناوچەی توێژینەوەو لە ژمارەی بەرکەوتووانی میندا دەردەکەوێت کە لە کۆی ناوچەی توێژینەوە ژمارەکە بەردەوام لەبەرزبوونەوەدایە و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان زۆرترین بەرکەوتوو قوربانی تێدا تۆمارکراوە بە (5265) بەرکەوتوو دابەشبوونە بەسەر شەهید و کەم ئەندام لە پێکهاتەی ڕەگەزی و پێکهاتەی تەمەن و پێکهاتەی پیشەیی و ئابوری جیاواز هەروەك لە بەشی سێیەم باسی دووەمدا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

**2. کاریگەری لەسەر ژینگە:**

مین کاریگەری هەیە لەسەر ژینگە و توخمە ژینگەییەکان، تەقینەوەی مینەکان هۆکارێکە بۆ سوتان و کەم بوونەوەی گژوگیا و سوتانی دارستان و پووش و پاوەنەکان، هەروەها دەبێتەهۆی ئەوەی هەمەچەشنەیی زیندەوەری و ئاژەڵی نەهێڵێت چونکە ساڵانە ژمارەیەك ئاژەڵی کێوی بەهۆی مینەوە لەناودەچن، تەنانەت کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر بوونەوەرەکانی ناو ئاو لەو ناوچانەی کە کێڵگەی مینیان تێدایە بەهۆی ئەوەی مینەکان ڕێژەیەکی زۆر لە کانزا قورسەکانیان تێدایە کاتێك بەهۆی ڕامالینەوە مینەکان دەکەونە ناو چەم و ڕووبارەکان دەبنەهۆی پیسبوونی ئاوی چەم و ڕووبارەکان، چونکە کاریگەری مینەکان هیچی کەمتر نییە لە پاشەڕۆی ئەو کارگانە تیکەڵ بە ئاوی چەم و ڕووبارەکان دەبن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی مادەی (TNT)، مادەیەکی ترسناکە وەك پیسکەرێکی ژینگە دێتە ئەژمار پێکهاتەی ڕووپۆشی ڕووەکی تێکدەدات پرۆسەی گەشەکردنی ڕووەك خاو دەکاتەوە. هەروەها کارکردن لە کێڵگە مینەکان بە شێوەیەکی میکانیکی هۆکارێکە بۆ گۆڕانکاری تێکدانی خاسیەتە سروشتییەکانی خاك. (کەریم، دیلمان کامل، سەرچاوەی پێشوو، ل151، 154، 159). ئەمە جگەلەوەی لەکاتی تەقینەوەی مینەکان چ بە تەپوتۆز چ بە دەنگە بەرزەکەی کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگە بەجێدەهێڵێت.

**3. کاریگەری لەسەر چالاکی ئابوری:**

هەرچی چالاکییە ئابورییەکان، ئەو کەرتانە دەگرێتەوە کە کاریگەری لەسەر ب(2021.)ژیوی و پیشە و باری ئابوری دانیشتوان هەیە وەك کەرتەکانی (کشتوکاڵ، بازرگانی، گەشتیاری و... هتد). مین هۆکارێکە بۆ سستی چالاکی ئابوری هەم لەو کێڵگە مینانەی دەکەونە ئەو ناوچانەوە کە سەرچاوەی چالاکی ئابورین ئیتر لەهەر کەرتێکی ئابوریدا بێت، هەمیش کاریگەری هەیە لەسەر بەرکەوتووانی مین بە تایبەت ئەو کە سانەی کە بەهۆی تەقینەوەی مینەوە کەم ئەندام بوون یاخود بەشێکی جەستەیان لەدەستداوە. هەروەك ناوچە مین ڕێژکراوەکان هۆکارێکن بۆ پەکخستنی پرۆژەکانی پەرەپێدان و باشترکردنی ژێرخانی ئابوری و کەمی وەبەرهێنان لە بوارە ئابورییەکاندا. (جبريل، احمد عامر خليفه و أخرون، 2021، ص35). ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر چالاکییە کشتوکاڵییەکان. ناوچە مین ڕێژکراوەکان ڕێگرن لە بەکارهێنانی ئەو زەویانە بۆ کشتوکاڵکردن. هەروەك بوونی مین لەهەر ناوچەیەك کاریگەری هەیە لەسەر گواستنە و هاتوچۆ بەتایبەت لەو ڕێگایانەی بە مین داپۆشراوە. هەرچی ئەو شوێنە گەشتیاریانەیە، کە گومانی بوونی مینی لێدەکرێت دەبنە کۆسپ لەبەردەم پەرەپێدانی گەشتیاری و مەترسی دروست کردن لەسەر گەشتیاران. وا ئەکات گەشتیاران بە ترس و گومانەوە سەردانی ئەو ناوچانە بکەن. بەتایبەت لە ناوچە گەشتیارییەکانی پێنجوێن و دوکان و شارباژێر و...هتد.

**4. کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی مین:**

ڕەنگە ئەو کەسانەی کە بەرکەتووی مینن و ئەندامانی جەستەیان لەدەستداوە، بەردەوام لە ئازارێکی دەرونیدا بن، چونکە ناتوانن وەك کەسانی ئاسایی تیکەڵ بە کۆمەڵگە ببن و بەشداری کارایان هەبێت لە چالاکییە مرۆییەکان. پێدەچێت قورس بێت بۆیان بتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بەڵکو هەندێکجار لە کۆمەڵگەدا وەك قوربانییەکی بەکارهێنن تەماشا دەکرێن. نەك هەر ئەوە بەڵکو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەسەر خێزان و لەدەستدانی هەریەك لە دایك و باوك، ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر باری خێزانی و پرۆسەی خوێندن و چاودێری تەندروستی. هەروەها مین کاریگەری هەیە لەسەر بەرکەوتووان بەتایبەت لای کەم ئەندامان بەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری دوادەخات، یاخود نەتوانن هاوسەرگیری بکەن. ئەمە لە هەردوو ڕەگەزدا دەردەوێت، بەڵام زۆرتر لای ئەو قوربانیانەی کە لە ڕەگەزی مێن.

هەروەها بوونی ناوچەی مین ڕێژکراو هۆکاریکە بۆ کۆچکردن و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە ژینگەی نیشتەجێبوون، جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوون و کۆچکردن بۆ شوێنێکی تر، بەم جۆرە کۆچەش دەوترێت کۆچی تەواوەتی، چونکە بەتەواوی پەیوەندیان نامێنێت بە شوێنی خۆیانەوە، ئەو شوینەیان لەبەرچاو دەکەوێت. (کریم، دیلمان کامل، سەرچاوەی پیشوو، ل151).

**دەرئەنجام**

1. مین دوژمنێکی سەرسەختی مرۆڤایەتییە و جگەلەوەی دەبێتەهۆی کوشتن و کەم ئەندامی، کاردەکاتە سەر لایەنی ژێرخان وسەرخانی کۆمەڵگە، دەرەنجامێکی وێرانکەر بەسەر ناوچە زیانلێکەوتووەکاندا دەسەپێنێت، کاریگەری هەیە لەسەر چالاکییە مرۆیی و ژینگەیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونییەکانی بەرکەوتووان.

2. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، زۆرترین کێڵگەکانی مین دەکەوێتە پارێزگای سلێمانییەوە بەخۆیی و ئیدارە سەربەخۆکانییەوە. بەشێوەیەك ژمارەی کێڵگەکانی مین لە پارێزگاکە دەگاتە (2048) کێڵگە. ڕێژەی (64%) کۆی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت. لەکاتێکدا کەمترین کێڵگەی مین دەکەوێتە پارێزگای هەڵەبجە، کە ژمارەی کێڵگەکانی دەگاتە (324)کێڵگە، بە ڕێژەی (10%)ی کۆی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت. لەسەر ئاستی قەزاکانی ناوچەی توێژینەوە زۆرترین ڕێژەی کێڵگەی مین دەکەوێتە قەزای (پێنجوێن)ەوە. بەشێوەیەك ژمارەی کێڵگە مینەکانی ئەو قەزایە دەکاتە (542) کێڵگە، ڕێژەی (34%)ی کۆی کێڵگەکانی مینی پارێزگاکەی پێکهێناوە. لەبەرامبەردا هەریەك لە قەزاکانی (قەرەداغ، شارەزوور، چەمچەماڵ) ژمارە و ڕێژەیەکی کەمیان وەرگرتووە بەشێوەیەکە ژمارەی کێڵگەکانیان لەنێوان (1، 2، 3) کێڵگەدایە و ڕێژەکانیان دەکاتە (0%)ی کۆی ناوچەی توێژینەوە.

3. ژمارەی بەرکەوتووانی مین لە پارێزگاکە جگەلە ئیدارەی سەربەخۆکانی ( ڕانیە، گەرمیان) خۆیدەدات لە (5265) بەرکەوتوو، هەرچی ژمارەی شەهیدانی مینە دەکاتە (4401) کەس، بەمەش ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە کە دەکاتە (84%)، لەچاو ژمارەی کە ئەندامان و بریندارا ن کە ژمارەکە دەکاتە (864)کەس، بە ڕێژەی (16%). زۆرترین بەرکەوتووش بەهەردوو ڕەگەزەکەوە دەکەوێتە قەزای پێنجوێنەوە

4. دابەشبوونی پێکهاتەی ڕەگەزی پارێزگاکە جگەلە ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان، ڕاپەڕین)، بەم شێوەیە: هەرچی ڕەگەزی نێرە ژمارەکەی دەکاتە (4797) بەرکەوتوو، ڕێژەکەی دەکات (91%)، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە لەچاو ڕەگەزی مێ کە ژمارەکەی دەکاتە (468) بەکەروتووی مێ، بە ڕێژەی (9%) کۆی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە.

5. لە سەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە بەرکەوتووانی مین پێکهاتەی پیشەیی و ئابوری جیاوازیان تۆمار کردووە، بە شێوەیەك بەرزترین ژمارەی بەرکەوتوو لەنێوان پیشە جیاوازەکاندا، بە ژمارە (1429)بەرکەوتوو لە پیشەی کرێکاریدایە. دوای ئەویش پیشەی جوتیارییە بە (1129) بەرکەوتوو، دواتر پیشەی خوێندکارییە بە (852) بەرکەوتوو بەپلەی سێیەم دێت. هەروەها

نزمترین ژمارەی بەرکەوتووانی مین بۆ پیشە جیاوازەکان لەنێوان قەزاکانی ناوچەی توێژینەوە پیشەی (شۆفێری)یە. بە (123) بەرکەوتوو.

**پێشنیار:**

١. کردنەوەی خولی وشیاری لە لادێکان و ناوەندەکانی خوێندن.، سەبارەت بە خۆپاراستن لە زیانەکانی مین.

٢. بەکارهێنانی ئامێر و تەکنەلۆژیا و تەکنیکی نوێ لە پاکردنەوەی ناوچە مینرێژەکان بە شێوەیەک کەمترین زیانی گیانی و مادی و ژینگەیی لێ بکەوێتەوە.

٣. پشت بەستن بە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان لە دەستنیشانکردنی ناوچە مینرێژکراوەکان و کێڵگەکانی مین.

٤. پێشکەشکردنی هاوکاری بە بەرکەوتووانی مین بەتایبەت ئەوانەی لەژیاندا ماون و بەشێکی جەستەیان لە دەستداوە. بە دابینکرنی پێویستییەکانیان و دووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ ناو ژیان.

**لیستی سەرچاوەکان**


**یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان:**

**أ. نامە ی** ماستەر **و تێزی دکتۆرا:**

1. علی، صلاح الدین حسن، پەرەپێدانی گەشتوگوزاری شوێنەواری و ئاینی لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2023

2. کەریم، دیلمان کامل، دابەشبوونی جوگرافی و کاریگەرییە ژینگەییەکانی کێڵگەکانی مین لە قەزای پێنجوێن، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2022

**ب. گۆڤار:**

1. عەبدوڵڵا، تەها، سلێمانی و گەرمیان زۆرترین ناوچەی مین ڕێژکراویان هەیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 9249، ڕێکەوتی 2024/9/9

**ت. بڵاوکراوە فەرمیە حکومیەکان:**

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، بەڕێوەبەرایەتی هۆشیارکردنەوە، ڕێبەری وشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی مین و تەقەمەنی، چاپی یەکەم، 2015

2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی سلێمانی، بەشی وشیاری و قوربانیانی مین و تەقەمەنی، هۆبەی داتا و زانیاری قوربانیانی مین، داتای بڵاونەکراوە بۆ ساڵی. 2024

3. حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، ڕێبەری شوێنی کێڵگە مینەکان، بۆ ساڵی2021

4. حکومەتی هەریمی کوردستان، فەرمانگەی میدیا و زانیاری، چاوپێکەوتنی جەبار مستەفا رەسول، سەرۆکی دەزگای گشتی کاروباری مین، 19ئەیلولی 2022

**پ. چاوپێکەوتن:**

1. رفیق، سیامەند کاکەوڵڵا، لێپرسراوی بەشی پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی سلێمانی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ڕێکەوتی 2024/10/7

2. نەجیب، موحسن، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مینی سلێمانی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ڕێکەوتی 2024/10/7

3. حسن، نەوزاد عەلی، لێپرسراوی بەشی چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی سلێمانی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ڕێکەوتی2024/9/31

**ج. ماڵپەڕو سایتەکانی ئینتەرنێت:**

1. رەحیم، هێمن بابان، سایتی ڕووداو، 2021/5/2، لینکەکەی:

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0205202116

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:**

**أ. کتیب:**

1. معروف، شاری خالد، المسؤولية الدولية عن إزالة الألغام دراسة القانونية، دار الكتب القانونية، مصر، 2011

**ب. نامە ی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

1. ناصر، وقاص، الحيماية الدولية لضحايا الألغام المضادة للأفراد، أطروحة الدكتوراه، كلية الحقوق والعلوم السياسية جامعة ابوبكر بلقايد، تلمسان، 2018

**ت. گۆڤار:**

1. جبريل، احمد عامر خليفه و أخرون، اطار مقترح لادارة جودة المعايير الدولية في مكافحة الألغام، دراسة حالة حول مركز جنيف الدولي لأزالة الألغام للأغراض الأنسانية، المجلة العربية للأدارة، مجلد 44، عدد 3، يوليو2021
2. الجمل، غادة أسماعيل محمد، تطوير إطار التطريز لذوي الإعاقة، مجلة العمارة والفنون والعلوم الإنسانية، مجلد الثامن، عدد خاص (9)المؤتمر الدولي الثاني عشرة الفنون والمواطنة حوارات التارخ والممارسة والتعليم، اكتوبر2023
3. حسين، نوران محمد، الآثار الأجتيماعية والبيئة المشكلة الألغام بمنطقة سيدى براني بمحافظة مطروح، مجلة الأقتصاد الزارعي والعلوم الأجتماعية، المجلد (12)، 2020، ص1068، الموقع: www.gaes.mans.edu
4. حنان رميتة. أثر الألغام الأرضية المضادة للأفرادعلى التنمية المستدامة، مجلة الإجتهاد الأقضائي، العدد 28، 2 نفمبر2021
5. فرحان، الياسري، فلاح حسن، المسؤلية الدولية عن استخدام، الألغام الأرضية المضادة للأفراد، مجلة الشرائع للدراسات القانونية، المجلد 4، العدد1، 2024

**پ. بڵاوکراوە فەرمیە حکومیەکان:**

1. دائرة الأمم المتحدة للاجراءاة المتعلقة بالألغام، الأغام الأرضية و المتفجرات من مخلفات الحرب والعبوات الناسفة بدائية الصنع(دليل السلامة) الطبعة الثالثة، 2016، الموقع الكتروني:

http://www.mineaction.org/sites/default/files/publications/Handbook_Arabic

**ج. ماڵپەڕ و سایتەکانی ئینتەرنێت:**

الوهادين، دانة، أنواع الإعاقات، الموقع، موضوع 24أغسطس 2022، موقع:

https://mawdoo3.com/%D8%A3%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%B9_%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B9%D8%A7%D9%82%D8%A7%D8%AA

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

**أ. کتێب:**

1. Bonner, M. Disability: Definitions, value and identity. CRC Press.2023
2. Jacqueline MacDonald J.R. Lockwood..A lternatives For Land Mine Detection,Library of Congress, Published by RAND, 2003

**ب. نامە ی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

1. Abujarad F. Ground penetrating radar signal processing for landmine detection, M. Sc. Thesis, University of Magdeburg, 2007
2. Khodor Mahdi.Landmine detection using hyper-spectral imaging, Doctoral Dissertation, Doctoral Program in ELECTRICAL, ELECTRONICS AND COMMUNICATIONS ENGINEERING, (33th Cycle), Lebanese University, 2021
3. Makki Ihab, Hyperspectral Imaging for Landmine Detection, PhD Thesis, LEBANESE UNIVERSITY AND POLITECNICO DI TORINO, 2017

**ت. گۆڤار:**

1. Cheatle, T. R. The History of Landmines. Journal of the Royal Society of Medicine, 1998: https://www.researchgate.net/publication/25110845_The_History_of_Landmines
2. H. Kasban Sayed M. Elaraby etd .A Comparative Study of Landmine Detection,jurnal Springer Science+Business Media, 13 July 2010
3. Lee, C. P. Mine detection techniques using multiple sensors. The Project in Lieu of Thesis, Electrical and Computer Engineering The University of Tennessee at Knoxville.2001

**التوزيع الجغرافي لحقول الألغام وضحايا الألغام في محافظة السليمانية**

**م. م. سنور على محمود، جامعة گرميان،-كلية التربية- قسم الجغرافية**
**م. م. كاظم احمد صدرالدين، وزارة التربية- المديرية العامة لتربية السليمانية.**
**أ. جزا توفيق طالب- جامعة سليمانية- كلية العلوم الإنسانية- قسم الجغرافية**

هدفت الدراسة إلى بيان التوزيع الجغرافي لحقول الألغام في منطقة الدراسة وتحليل التركيبة السكانية لضحايا الألغام وتوزيعهم على الوحدات الإدارية. ولتحقيق أهداف البحث تم استخدام كل من الأساليب (الإقليمية والوصفية والتحليلية). كما تفترض الدراسة أن التوزيع الجغرافي لحقول الألغام في كافة الوحدات الإدارية لمنطقة الدراسة ليس هو نفسه. ويرتبط عدد حقول الألغام بعدد ضحايا الألغام. كما تم تقسيم ضحايا الألغام إلى جنس ومهن مختلفة. تتكون خطة البحث من ثلاثة أجزاء: الجزء الأول: المفاهيم والمصطلحات. مقدمة عن مجال البحث. الجزء الثاني: المناقشة 1: تاريخ المناجم وأنواع المناجم ومنظمات ومؤسسات التعدين في منطقة البحث. مناقشة 2: التوزيع الجغرافي لحقول الألغام في إقليم كوردستان ومنطقة الدراسة. الجزء 3: المناقشة 1: ضحايا الألغام في منطقة الدراسة. المناقشة الثانية: تحليل ضحايا الألغام والتركيبة السكانية لضحايا الألغام في منطقة الدراسة .

كما خلصت الدراسة إلى أن العدد الأكبر من حقول الألغام في إقليم كوردستان يقع في محافظة السليمانية وإداراتها الذاتية. وتمثل (64%) من إجمالي الحقول في إقليم كوردستان. على مستوى منطقة منطقة الدراسة، يقع أكبر عدد من حقول الألغام في منطقة بنجوين. بنسبة (34%). ويبلغ عدد ضحايا الألغام في المحافظة باستثناء الإدارات الذاتية (رانية، كرميان) (5265) ضحية، وسجل شهداء الألغام نسبة عالية بلغت (84%)، مقابل نسبة المعاقين (16%). ويوجد أكبر عدد من الحالات لكلا الجنسين في منطقة بنجوين.

وفي التوزيع حسب الجنس، فإن معدل التعرض للذكور أعلى من الإناث حيث بلغ 91% للذكور و9% للإناث في إجمالي منطقة الدراسة. استخدمت الدراسة (5) خرائط، (9) جداول، (5) أشكال، وانتهت بالاستنتاجات والتوصيات.

**الكلمات المفتاحية:** الألغام، حقول الألغام، ضحايا الألغام، محافظة السليمانية

sjh@univsul.edu.iq

**Geographical distribution of minefields and mine victims in Sulaymaniyah Province**.

**ABSTRACT**
M. M. snur ali mahmood- Garmyan Univrsity- college of Education- Department of Geography.
Kadhim Ahmed Sadraldeen- Minstry of Education- sulaymaniyah General Directorate of Education.
Jaza tofiq talib- sulaymaniyah Univrsity- college of Humanities since- Department of Geography.

The aim of the study is to identify the geographical distribution of minefields within the study area, analyze the demographics of mine victims, and examine their distribution across administrative units. To achieve the study's objectives, the methods of spatial, descriptive, and analytical have been utilized. The study also highlights that the geographical distribution of minefields across all administrative units in the study area is neither uniform nor consistent. Additionally, the abundance or scarcity of minefields is related to the number and percentage of mine victims. Furthermore, the distribution of mine victims varies by gender and profession.

The plan of the research consists of three sections: First Section: Part One: Definitions and Terminologies. Part Two: Introduction to the study area. Second Section: Part One: The history of mines, types of mines, and the organizations responsible for mines in the study area. Part Two: The geographical distribution of minefields in the Kurdistan Region and the study area. Third section: Part one: mine victims in the study area. Part two: An analysis of mine victims and the demographics of mine victims in the study area.

At the same time, the study has reached these conclusions regarding the Kurdistan Region: The majority of minefields are located in Sulaymaniyah Province, including its own and autonomous administrations. About (%64) of the total minefields in the Kurdistan Region are concentrated there. At the district level in the study area, the highest percentage of minefields is located in Penjwin district, accounting for (%34). Although the total number of mine victims in the province, excluding the autonomous administrations of Raniya and Garmian, is (5365). The number of mine martyrs represents a high percentage, reaching (%84), while the number of survivors is relatively low at (%16). The highest number of victims, both male and female, is concentrated in Penjwin district.

The distribution of victims by gender shows that the percentage of male victims is higher than that of female victims, with (%91) male and (%9) female across the study area.

Additionally, in the study, maps (5), tables (9), and charts (5) were used, and the study concluded with findings and recommendations.

**Key words:** mine, minefields, mine vctims, Sulaymaniyah Province